www.kurdistannet.org
16-2-2005 22:54 بەكاتي ناوەندي ئەوروثا

گەرگەرگش

موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

کورتە چیرۆکێ هەولێر

پێش یەش

پێشکەشە بە جگەرگۆشەکانم

بە هاوسەرەکەم

بە هاوڕێ دڵسۆزەکانم

بە خامە نەترسەکان

بە ئاڵای کوردستان

بە خەونی گەشی کوردان

بە چیا سەر بڵندەکانی کوردستان

ڕاوەپۆڕ

خەڵکێکی زۆر بووین، لەماڵی لالۆ کەریم کۆبووبووینەوە، لالۆ ئەحمەدی خزمی میوانیان بوو، ئێمەیش ڕۆیشتبووین هاڵ و هەواڵی ئەو خزمانەمان بزانین کە دراوسێی لالۆ ئەحمەدن و پێکەوە لەیەك شاردا نیشتەجێن، دوای بەخێرهاتن و خۆشی و دشی و هەواڵ پرسین گفت و گۆیەکی زۆر هاتە ئاراوە، باسی سەردەمی ڕابردوو باڵی بەسەر گفتوگۆکاندا ڕاکێشابوو، بۆیە ئێمەیش زۆرمان حەز لەو باسانە دەکرد، بەوپەڕی ڕێزەوە گوێمان بۆ شل کردبوون.

لالۆ کەریم مژێکی لەجگەرەکەی داو دووکەڵێکی چڕ بەسەر سەرمانەوە توایەوە، نۆرەی خۆی بەفیڕۆ نەداو دەستی پێ کردو گوتی:

ـ لەو دێیە ڕاوەپۆڕ باوبوو، بۆیە غەریب ئاغا دەست و پێوەندی خۆی لەدەوری خۆی کۆکردبووەوە، هەرکەسەو سەرو تفەنگێکی تاپڕو

دەمانچەی حەفت تیرو خەنجەرێکی بەشان و لاڕان و بەرۆکەوە بوو، جگە لەتانجی و کوتەك.

لێرەدا مژێکی دیکەی لەجگەرەکەی داو لەسەری ڕۆیشت:

ـ هەرکە ڕاوەپۆڕ بووایە غەریب ئاغا مەفەری بەکەس نەدەدا، هەموو پیاوی گوندەکەی بۆ ڕاو دەبردو چەند پۆڕیشیان ڕاوکردبایە، ئاغا هەمووی لێ زەوت دەکردن، هیچ هەژارێکیش نەی دەوێرا بڵێت لەل. کە پۆڕەکان بۆ ماڵی ئاغا دەبرانەوە، جوان جوان سووردەکرانەوەو، ئاغاو دەست و پێوەندەکەی چوون گورگی برسی دەکەوتنە وێزەیان ....

پۆڕگرەکانیش لەماڵەوە زەقەی چاویان دەهات و منداڵەکانیان هەناسەیان هەڵ دەکێشا.

لالۆ کەریم دیسان گوتی:

ـ ئەو ساڵە من تازە بووبوومە مەلای دێیەکە، ماڵمان لەزنجێکدا بوو خزمێکمان پێی بەخشیبووین. لەڕۆژێکی خۆشدا، هەتاو هەموو لایەکی ڕووناك کردبووەوە، بایەکی فێنك دەهات و دارو دەوەنەکانی دەلەراندەوە، کوت و پڕ بۆ ڕاوەپۆڕ قڕ بەئاواییدا کرا، ئاغاو دەست و پێوەندەکەی و خەڵکی ئاواییەکە ڕوویان کردە چەم، منیش تا ئێستا نەچوومەتە ڕاو،

ئەمە یەکەم جارە خۆم تاقی دەکەمەوە، لەناو خەڵکەکەدا لاکەی سەرم دەهات.

کە گەیشتینە چەم، تانجییەکانیان بەرداو ڕاوەپۆڕ دەستی پێ کرد، بووبە هەراو هۆریاو بگرەو بەردە، ئەوەندەی نەبرد گوتیان: سا بیگرە هات، سەیری سەرووی درەختەکانم کرد پۆڕێکم دیت بەرەو من دەفڕی، سووك و ئاسان هات و لەلای بنجە قامیشێکی نزیك مندا نیشتەوەو خۆی کپ کرد، منیش بەپسکە پسك ڕۆیشتم و بەئاسانی توانیم بیگرم و بیخەمە تەنکەی باخەڵمەوە، یەکێك لەڕاوکەرەکان نزیکم بووەوەو پێی گوتم: خۆ پۆڕەکە لێرەدا نیشتەوە.. تۆ نەت دی؟ منیش گوتم: دیم.. لێرەدا نیشتەوە بەڵام چیی بەسەرهات؟! ئەویش گوتی: لەوانەیە خۆی دزیبێتەوە.

ئیدی کابرام لێ دوورکەوتەوە، هەناسەیەکی شادومانیم هەڵکێشاو دەستی ئۆخەیم بەسەر دڵمدا هێنا.

لێرەدا یەکێك لەمنداڵەکان دەستی بەگریان کردو قسەکانی لالۆ کەریم پچڕێنران، ئەویش ئەمەی بەهەل زانی و مژێکی دی لەجگەرەکەدا، منداڵ ژێر کرایەوە، باس درێژەی کێشا.

ـ نەختێك چوومە ئەولاترەوە ناو بنجە قامیش و تووترِکەکان دەگەڕام ئەوەندەم زانی دیسان گوترا:ـ ها.. بیگرە.. هات.

سەرنجم دا پۆڕێکی دیکە بەئاسمانەوە بەرەو لای من دەفڕێت، لەپڕ هات و لەنزیکمەوە خۆی خیپ کرد. منیش تا بۆم کرا کوتەکێکم پێدا مالّی، بەلاّم نەمپێکا، هەرچۆنێك بوو کەوتمە دووی و ئەویشم گرت و خستمە تەنکەی باخەلّم هەروەیش نەبوو قیسپە دارێك بەسکمدا بچێت و گەدەو ڕیخۆلّەم بکەونە ئەو ناوە.

پیاوەکانی ئاغا سوارەبوون لەگەلّ ئاغادا چاویان لێ بوو پۆڕەکەم خستە باخەلّمەوە، هەرکە زانیم ئاغاو دەست و پێوەندەکەی چوار دەوریان دام و یەکێك لەپیاوەکانی ئاغا گوتی:

کوا ئەو پۆڕەی گرتت؟ دەری نەهێنیت پەتپەتیی دنیات بەسەر دەهێنین.

منیش بە بەرچاویانەوە دەرم هێنان و هەردووکیانم سەربڕی و دیسان خستمنە باخەلّمەوە.

ئاغا کە ئەمەی دیت، توورە بوو، فەرمانی دا لیّم بستێنن، بەلاّم من سوێندم خوارد نابێت و ناکرێت، ئەو دوو پۆڕە بەکەس نادرێن، چونکە کوڕەکەم سکی هاتووەو گۆشتی پۆڕی بۆ باشە، منیش بۆ ئەومن و کەس چاوی پێیان ناکەوێت. خۆم توورە کردو ڕووم لەئاوایی کرد،

ئەوانیش وازیان لێ هێنام، کە گەیشتمە ماڵەوە، کەیوانۆکەم زوو پاکی کردن و لێی نان و خەریك بوو سووری دەکردنەوە. ئاغاو پیاوەکانیشی دوای من هەموو هاتبوونەوە، پۆڕەکانیان کۆکردبووەوە، تەنانەت لالۆ فەرەج پۆڕێکی خواردبوو، لەترساندا گوتبووی تانجی خواردوویەتی.

بۆ دواجار مژێکی لەجگەرەکە داو لەسەری ڕۆیشت:

ـ پۆڕەکان لەناو تاوەی سوورکردنەوەدا بوون، ئاغا پیاوێکی بەشوێندا ناردم، پێی گوتم:

ـ ئاغا پۆڕەکانی دەوێت، لەبەرئەوەی مەلا عەباس میوانیەتی بۆیە خۆی نەهات.

منیش پێم ڕاگەیاند: خۆم پۆڕەکانی بۆ دەهێنم، کابرا ڕۆیشت: زۆریشم پێ خۆش بوو مەلا عەباس میوانی ئاغایە.

پۆڕە سوورەوە کراوەکانمان لەسەر ئاگر داگرت و دانەگرت دیسان پیاوی ئاغا گەڕایەوە، منیش پێم گوت: فەرموو ئەو ڕانە پۆڕە بەشی تۆیە، کابرا تووڕە بوو، گوتی: تۆ گاڵتەمان پێ دەکەیت! ئیدی لێی داو ڕۆیشت.

پاش ئەوەی هەردوو پۆڕ خوران، خۆم ئامادەکردو چووم بۆ دیوەخانی ئاغا.

که ڕۆیشتمه ژوورەوه، خەڵکێکی زۆری لێ بوو، ئاغا پاڵی دابووەوه.
سەڵاوم کرد، وەڵامیشیان نەدامەوە، ڕاوەستام، کەس نەی دەوێرا پێم بڵێت فەرموو دانیشه. تا مەلا عەباس پێی گوتم: فەرموو دانیشه.
دانیشتم و دانەنیشتم، لەجیاتی بەخێرهاتن، ئاغا هەڵی دایەو ڕووی تێ کردم و گوتی:
ـ کەریم، لەدێیەکدا دوو ئاغا چۆن دەیانکرێت؟
لەوەڵام دا گوتم:
ـ ئاغا مەبەستت ڕوونە، ببوورە من ئاغا نیم، بۆ مەسەلەی پۆڕەکانیش دەڵێم، ئەو پۆڕەی ئێمە دەیگرین، وەك گۆشتی بەراز بۆ ئێوە حەرامە، چونکە ئەگەر من قیسپێك سکی دڕیم، تەنیا پۆڕەکە دەبێتە تۆڵەی خوێنم، من هیچ کاتێك ئامادە نیم ئەو پۆڕانە بەتۆ ببەخشم و لەولاوە منداڵەکانم بۆ گۆشتی پۆڕ هەناسە هەڵبکێشن.
ئاغایش گوتی: تۆیش وەکوو ئەم هەموو خەڵکە.
منیش گوتم: لەژیانمدا ڕاست بوومەو ڕاست دەڕۆم، بەلای شێردا دەدەم و لەهیچ ناترسم، ئەگەر تۆ پۆڕخۆریت، ئەم خەڵکە پۆڕ دەگرن، پارە بدەو لێیان بکڕە، نەك بەزۆر بکەوێتە وێزەی ئەم بێ دەسەڵاتانەو لێیان بستێنیت، ئاخر خوا هەڵناگرێت.. ئەگەر شتێکیان لێ هات.. گوێشیان

پێ نادەیت و ناشیان ناسیت، خوێنیان بەفیڕۆ دەچێت.

لالۆ کەریم گوتی: ڕووی قسەم لە مەلا عەباس کردو ئەم پرسیارەم لەبەردەمیدا قوت کردەوە:

ـ مەلا، تۆو خوا قسەکەم ڕاستە یان نا؟

مەلایش بە بەڵگە ئەوەی چەسپاند کە گۆشتی ئەو پۆڕانە وەك گۆشتی بەراز حەرامەو نابێت بەزۆر لێیان بستێنێت.

ئاغا، کە ئەمەی بیست، بێ دەنگ بوو.. دامرکایەوەو مقی کرد، بەڵام ئەمە بوو بە کینەیەك لەدڵێدا هەر مایەوە.

کە زستان هات پێی گوتم: دێیەك و دوو ئاغایان چۆن گوتووە؟

منیش مەبەستی تێ گەیشتم، لەو گوندە گوێزامەوە گوندێکی دیکە، لەوێ ژنێکم هەبوو لێرە کردم بەدوو! ساڵ هات و ساڵ چوو، دنیا گۆڕاو پاشایەتی گۆڕاو گۆڕبوو، سەری ئاغاو دەرەبەگی تێداچوو، ئێمەیش لەدەستی زوڵم و ستەم ڕزگارمان بوو!

بەغدا ـ هاوینی 1976

تەوس

هەتاو تازە بەتیشکە زێڕینەکانی لەگەڵ خانوو و دارو درەختی دەوروبەردا سەرەتاتکێی دەکرد ، ئەم گینگڵی داو لەسەر پشت بەلای چەپدا وەرچەرخایەوە، سەرنجێکی لەکاتژمێرەکەی مەچەکی دا.

هێشتا ماوەتی باتۆزێکی دیکەیش بنووم.

چاوی نوقاندەوە، بەڵام زەنگی مێشکی لێی دا (دە هەڵسە ئەوە ناهێنێت، خۆت پۆشتە بکەرەوە، ناوی خوای لێ بێنە.. ڕێ بگرە بەر) بیری کەوتەوە ئەم ڕۆ شەممەیە (لەوانەیە ئۆتۆمبیل دەست نەکەوێت سەر لەبەیانیی شەموان زۆر جەنجاڵە..).

لەسەر نوێنەکە ڕاپەڕی، دارخورمای باڵای هەڵچوو، بێ بانیی شەو کاری لەپشتی کردبوو، دوو سێ هەنگاوی هاویشت، پەنجەی لەدوگمەیەك دا ، بەلای چەپدا سووڕاندی، دەنگی پانکە بن مێچییەکەی کپ کرد ، بە هێواشی چەند پلەیەك چووە خوارەوە، بەلای چەپدا وەرچەرخا ، دوگمەیەکی داگیرساند ، کاری پێویستی ئەنجام دا ، پەنجەی بەدوگمەکەدا نایەوە چاوی ڕووناکییەکەی کوژاندەوە، یایەکی بادا ، ئاو

لەوەڵفەکە فیشقەی کرد، دەم و چاوی پێ تەڕکردو، سابووناوەکەی پێ ڕەواندەوە، خورەی لەئاوەکە بڕی، بەپەشتەماڵەکە دەم و چاوی هشك کردەوە.

هەمان پاچینەی گرت، خۆی لەژوورەکەدا پۆشتە کردەوە، جانتا دیبلۆماسییە سوورەکەی هەڵگرت و، لەسەرخۆ هەنگاو هەنگاو نزم دەبووەوە، پێی لەسەر کاشیی ڕێڕەوەکە گیرسایەوە، سەری بەمووبەقەکەدا تەقییەوە، کە لێوەی دەچێتە دەرەوە، دەستی برد کلیلەکەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و، دەرگە کلۆم دراوەکەی پێ خستە سەرپشت، نەیهێشت جیڕەی لێوە بێت، تا خانەخوێکەیان لەخەو نەبێتەوە، بەهەمان شێوەیش پێوەی دا، گوێرەوی و پێڵاوەکەی هەڵگرت، لای وەڵفی باخچەکەدا گیرسایەوە، پێی شوشت، گوێرەوی و پێڵاوەکەی لەپێ کردن.

لەدەرگەی دەرەوە دەرباز بوو، تیسکەیەك بوو تێی تەقاند، ئافرەتێك بەقۆندەرە پاش بەرزەکانیەوە تەق و تۆقێکی سەرنجڕاکێشەری خستبووە ئەو ناوە، گرتیەوەو بەتیلەی چاو سەرنجێکی نیوەنیگای لەڕوومەت و قژو پەرچەمە شانەکراوەکەی دا، ڕووی وەرچەرخاندو تێی تەقاند، لەوبەری جادەکەوە بەخۆی و جانتاکەیەوە چەقی.

خەڵکەکە لەژمارەی پەنجەی دوو دەست تێ نەدەپەڕین، ژن و پیاو، کورو کچ وێستگەکەیان تەنیبووەوە، تا دەهات ژمارەیان پەرەی دەستاند، هیچ ئۆتۆمبیلێك ڕانەدەوەستا، پاسە دوو نهۆمە سوورەکانیش، وەك مانیان گرتبێت، ئەم بەیانییە دیار نەبوون، هەژدە نەفەری و بیست و سێ نەفەرییەکانیش سیخناخ بوون، ڕایان نەدەگرت، پێی چاوەڕوانی شل بوو، تا دەهات خەڵکەکە ـ وەك شارە زەردەواڵە دارت پێدا کردبێت ـ لەم لاو لەو لاوە دەهاتن، بەوێستگەکەوە دەنووسان.. بیری کەوتەوە.

لەدڵی خۆیدا گوتی:

ـ ئەمڕۆ ڕێڕەوو کەژاوە هەیە، پێشوازیی خوێندکاران دەکرێت، بۆیە پاسە سوورە دوو نهۆمییەکان دیار نین!

دەتگوت کووپەڵەیەك لیرەی ڕەشادیی دۆزیوەتەوە، ویستی بانگ بۆ خەڵکەکە بدات و، ڕاستیی نەبوونی ئۆتۆمبیلیان بۆ ڕوون بکاتەوە، کەچی هێزێك لەناوەوە بەگوێوەی چرپاند (تۆ چیت بەسەرەوەیە، تۆ بڵێیت خۆیان نەزانن؟)

چەند جارێك هەڵمەتی چەند ئۆتۆمبیلیان دا سواربن، تومەز هیی کرێ نەبوون، پاشەکشێی پەشیمانییان دەکردەوە، لەناکاودا هەژدە نەفەرییەك لەتەنیشتیانەوە ڕای گرت.. هەڵیان دایە، لێی ئاڵان، چوون

هەنگ لەکووره هەنگ ئالآبێت، بەتەپەتسکێ جێی خۆی کردەوە، چەند کەسێك نائومێد بوون.. کشانەوە.
چەند جارێك ئۆتۆمبێلەکە لەڕێگەدا ڕاوەستاو خەڵکی دابەزاندو خەڵکی سوارکرد. گەیشتە جێی مەبەست. ئەویش دابەزی، تەماشای ئەو خەڵکەی دەکرد، هەریەکەو بەرەو شوێنی کاری خۆیان و، هەرکەسەو ڕووەو لایەك هەڵتەك هەڵتەکیان بوو.
قۆناغێکی دیکەی مابوو چاوەڕوانی نەکرد، ڕیزی ئۆتۆمبیلەکان درێژە مارێك بوو خەڵکەکە دەهاتن و، دەچوونە ناو سکیەوە، ئەویش خۆی بە قورگی یەکێکیاندا کرد، نزیك بەو دەزگەیەی ئیشی تێدا دەکرد دابەزی، بەچەند هەنگاوێك لەدەروازە گەورەکە چوو بەو دیودا.. چەند پاچینەیەك سەرکەوت، سووڕایەوە. ڕاست ڕۆیشت، خۆی بەژوورێکدا کرد ڕۆژباشی ئافرەتە مووچەخۆرەکەی کرد، وەڵامی درایەوە، جانتاکەی لەسەر مێزەکە ڕاکشاند، ڕۆیشت قومێك ئاوی ساردی بەئاگری دەروونیدا کرد. بەرەو ژوورەکەی گەڕایەوە، لەسەر تەختەکە مت بوو. خەریکی ڕەش کردنەوەی چەند پەڕەیەك بوو، زۆری نەبرد تەلەفۆنە ڕەشتاڵەکەی هەڵگرت:
ـ کاك هاوار ئەگەر بڵند چووە دەرەوە ئاگادارم بکە.. منیش دێم.

ئەسپی پێنووسەکەی لەسەر لاپەڕەکان تاو دەدا، زرینگەی تەلەفۆنە ڕەش ڕایچەڵەکاند، پڕی دایەو بەگوێوەی نا، دەنگەکە گوتی:

ـ کاك ژێوار ئامادەبە وا بڵند دەردەچێت، وەرە خوارێ. ڕاپەڕی.

هەنگاوەکانی گورج کردەوە، پێیەکانی پاچینەکەیان قووت دەدا، لەبەر دەرگەکەدا جڵەوی ڕێی ڕاگرت، بەڕێ کەوتن، لەدەرگاکان دەربازبوون، ئۆتۆمبیلە سوور ئەسپێکی ڕازاوە بوو، خۆیان تێ ئاخنی کەوتە ڕێ، برسییەك بوو شەقامەکەی قووت دەدا، لەترەفیك لایتەکە، گلۆپە سوور ستۆپی پێ کرد. کە گلۆپە سەوزەکە ڕێی پێدان، ئۆتۆمبیلەکە شەقامە لووسەکەی هەڵدەلووشی، سووڕانەوەیەك دووان، لەبەر دەرگەی پشتەوە دەزگا چاپەمەنییەکە ڕاوەستا، ملی نیازیان ناو پێیان لەسەر زەوی گیر بووەوە.

وشەی (فەرموو، فەرموو) پێشیان کەوت، تێکەڵی گۆڕەپانی دەزگەکە بوون، هەریەکەو دووان سەریان بەژوورێکدا کرد، ئەویش بۆ لای لێپرسراوی بڵاوکردنەوە تێی تەقاند، دەرگەیەکی لادا، چەندین مووچەخۆری ئافرەت و پیاوی بینی، هەرکەسەو لەپشتی مێزی خۆیەوە دانیشتبوو، کاری خۆیان ڕادەپەڕاند، چاوی بەئافرەتێکی ناسراو کەوت، چاك و چۆنی لێك نزیکی کردنەوە، لێپرسراوی بڵاوکردنەوەی پێ پیشان

دا.. ڕووی تێ کرد، پاش سلاّوو بەخێرهاتن، لەسەر قەنەفە هەنگوێنییەکە گیرسایەوە، پرسیارەکان لەشانەکانی مێشکیدا دڵە خورپێیان بوو.

ـ مامۆستا پەرتووکێکم لێرە چاپ کراوە، هاتووم دانەکانی خۆم وەربگرم.

پەرتووکەکەت (............)؟

بەڵێ (............) بەناونیشانی (.............)یە.

گازی ئافرەتە تێك سمراوەکەی کرد، پێی ڕاگەیاند هیچ چێکێك بەناوی خاوەندی پەرتووکەکەوە کراوە؟

ـ نەو هێشتا هیچ دەست و بردێك نەکراوە. دووسبەی وەرەوە چێك و دانە پەرتووکەکانی بەشی خۆت وەربگرە.

باشە، چەند دانە پەرتووکم پێ دەبەخشن، پاداشتەکەی چەندە؟

ـ (.......)دانە، پاداشتی هەر شازدە لاپەڕە (.......) دینارە.

سەری بۆ لەقاندەوە، هەڵسایە سەرپێ و، توند دەستی گوشی و ماڵئاوایی لێ کرد، دەرگەکەی لەدووی خۆی پێوە دا، چووە لای برادەرەکانی، خەریکی ماکێت و ڕاست کردنەوەی هەڵەو دەرکردنی نیمچە ڕۆژنامەو (پلیت)ێك بوون، شوفێرەکە تێی تەقاندبوو، زۆر

دانیشت، تاقەتی چوو، سەرێکی لەچاپخانەکەی ئەو دیوەوە دا، دانەیەکی پەرتووکە چاپکراوەکەی خۆی وەرگرت، گەڕایەوە هەمان جێ، چاوێکی بە لاپەڕەکاندا خشاند، چەند هەڵەیەکی چاپیی ڕاست کردەوە.

خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان نزیك ببووەوە، شوفێرەکە نەگەڕابووەوە.

ئۆقرەی لێ بڕابوو، پەلەی بوو بگەڕێتەوە دەزگەکەی خۆی، کە شوفێرەکە وەك دۆمەڵان هەڵتۆقی، هەموو هەستانە سەرپێ، ژوورەکەیان خاڵی کرد، چەند دەروازەیەکیان تێپەڕاند، ئۆتۆمبیلەکە سکی خۆی لێ پڕ کردن. بەرەو دواوە هەمان ڕێگەی هاتنی گرتەوەو سووڕانەوەیەك، دوو، سێ، لەبەر دەزگەکەدا هەڵتۆپزی، دەرگە شووشە بەندەکەی پاڵ نا، بە ژوور کەوت. کیژە مووچەخۆرەکەی پرسگەکە ڕاوەستابوو، گەردنی بۆ تەماشای کاتژمێرەکەی قەد دیوارەکە بەرزکردەوە، ئەمیش لەدڵی خۆیدا گوتی:

ـ زۆرم پێ نەچووە، چووار سەعاتی ڕەبەقم کوشتووە!

بەستەزمانە، حەزی نەکرد، شوفێرەکە بەجێی هێشتبوو. کارەکەی بۆ دوو سبەی دواخرابوو، هێمنی باڵی بەسەر ژوورەکەیدا کێشابوو، دەم و دووی برادەرانی تاقی کردەوە، کەس تەلەفۆنی بۆ نەکردبوو، کەسیش

هەواڵی نەپرسیبوو، شاکار نەبێت تەلەفۆنی کردبوو، کەسی لێ نەبووبوو، ئەمی ویستبوو، کیژەکە وەڵامی دابووەوە:

ـ هەموویان چوونەتە دەرەوە کەسیان لێرە نین، گەر هاتنەوە چییان پێ بڵێم؟

ـ قەیدی نییە، خۆم تەلەفۆن دەکەمەوە.

کاتی دەوام بەرەو کۆتایی دەچوو، تەك مووچەخۆرەکاندا پشتیان لەدەزگەکە کرد، ڕژانە شۆستەکان، هەریەك و دووان بەرەو لایەك. لەشۆستەکەی ئەوبەرەوە لەنگەری گرت، ئۆتۆمبێلێکی شین بۆی ڕاوەستا، خۆیی تێ ئاخنی، دوو پەنجایی لە لەپی شوفێرەکە نا، لەوێستگە گشتییەکە دابەزی، خۆی بەچێشتخانەیەکدا کرد. تەرمی برسێیەتیی ناشت، نیو دیناری لێ وەرگیرا، ڕووی لە دەرێ کرد. (با جارێك چا نەخۆمەوە، لەشوێنێکی کە دەیخۆمەوە) شەقامەکەی بڕی، پاسێکی سووری بەدی کرد، تێی وروژابوون، ئەویش خۆیی تێ ئاخنی) لەشوێنی مەبەست دابەزی، سێبەری تاریکە بازاڕێك هەڵی لووشی، دوو کۆڵانی بری. لەشەقامی ئەنتیکە فرۆشەکان سەری قوت کردەوە، بەدووی جانتایەکی منداڵاندا چاوی دەگێڕا، بۆ کیژەکەی بکڕێت کە تازە چووەتە قوتابخانە، چاوی بەهەموو فرۆشگەکاندا هەڵدەواسی، ئەو جۆرە

جانتایەی دەستگیر نەدەبوو، لەپایینی شەقامە درێژەکەوە هەڵوەستەیەکی کرد، لەچاخانەیەکی سەرە ڕێ پیاڵە چایەکی بەو دیو گەروودا کرد (ئێستە لێرەوە دەڕۆم، ئەو شەقامەیش دەگەڕێم تا پایینی گۆڕەپانەکە غل دەبمەوە، گەر دەستم کەوت باشە، گەرنا ئەوە بیرێکی دیکەی لێ دەکەمەوە) کە لەپایینی گۆڕەپانەکە هەڵنووتا بیرێکی دیکەی بۆ هات، سواری پاسێك بوو. لەئۆتۆمبیلێکی دیکە دابەزی (ئالێرە لێیەتی، ئێستە دەیکڕم و بەرەو ماڵی خانەخوێکەم دەبمەوە). چەند بازاڕێکی تێ پەڕاند، لەبەر فرۆشگەیەکدا هەڵتۆپزی، دوو جۆر جانتا هەبوون، یەکێکی پەسەندکردن، کاغەزێکی چاوسووری پێ دا، دوو پەنجاییان بۆ گێڕایەوە. بۆ دوایەمین جار ئۆتۆمبیلێکی شین لەئامێزی گرت.

لەسەر کۆڵانەکە دابەزی. تەنگەبەرییەکە قووتی دا، لەماڵی خانەخوێکەی گیرسایەوە.. چایەکی هەڵقوڕاند، سەرکەوتە ژوورەکەی سەرەوە، سکی جانتاکەی هەڵدڕی، دوو سێ پەرتووك و گۆڤاری لێ دەرهێنا، گۆڤارەکانی هەڵدایەوە یەکێکی لێ هەڵبژاردن، دوو وتارو چەند هۆنراوەو چیرۆکێکی لێ خوێندەوە. سەری لەسەر سەرینەکە نابوو، بەسەر نوێنەکەدا درێژ ببوەوە، چاوی تەك وشەکاندا چاوەشارکێی دەکرد.

هات و چۆی ڕۆژ ماندووبوونێکی زۆری بەدەمارەکانی خوێنی لەشیدا کردبوو. وشەکان لەبەرچاوی ڕەشکەوپێشکەیان دەکرد.

لەناو حەوشەیەکدا خۆی بینیەوە، چەند کیژو چەند ئافرەتێك لەو ناوە بوون، ئافرەتە ڕەشتاڵەکە مەشکەی دەژەنی، کیژەکان لەم لاو لەولاوە ڕاوەستابوون. کیژێکی بینی بە زمانەکەی ئەوان دووا، ئەویش بەزمانەکەی ئەم قسەی لەگەڵ کرد. سەری سوڕما لەولاتێکی ڕۆژئاوادا ئەو زمانی ئەم بزانێت، کیژەکە لەگەڵ دەستە خوشکێکیدا بە زمانێکی دیکەی ڕۆژهەلاتی دووا لێی پرسی:

چۆن فێری زمانەکەی ئێمە بوویت؟

ـ بەخوێندنی کتێبی فێربوونی زمان؟

خۆیی پێ ناساند. باسی وێژەو هۆنراوەو نووسین هاتە کایەوە. هاتە سەر باسی پەرتووکە نوێیەکەی. ویستی دانەی نێو جانتاکەی پێ نیشان بدات. ئەم لا جانتا، ئەو لا جانتا، جانتا ببووە پارووپەك و قووت درابوو. لەحەوشە هاتە دەرەوە. جانتاکەی بەدەستی کوڕی ژنە ڕەشتاڵەکەوە بینی، لەملی ئاخنیبوو، لەناوەڕاستەوە هەڵی تلیشاندبوو. چەند منداڵێکیش تەك کوڕەکەدا لەدەوری جانتاکە خۆڵە پۆتانێیان دەکرد،

هەردوو چاوی پەڕینە تەوقی سەری، جلەوی ئاگەیی لەدەست دەرچوون هاواری کرد. بەسەر ژنە ڕەشتاڵەکەدا قیڕاندی.

ـ خوا چۆن هەڵ دەگرێت، کوڕەکەت وای لەجانتاکەم کردووە. تەسکەرەو شت و مەك و پەرتووك و پێویستییەکانی لەناوبردووم.

جانتا دڕاوە پڕ لە لمەکەی بۆ لای ژنە ڕەشتاڵەکە برد. ڕەنگی غەم و خەفەت دایپۆشی، تەوس بردیەوە، هۆڵی لێ هات. تەسکەرەکەی دڕاوە. هیچ ناسنامەیەکی نەماوە، چۆن بۆ ماڵ بگەڕێتەوەو لەپرسگەی پشکنینەکان بپەڕێتەوە. خۆ ئیدی ناتوانێت منداڵەکانی ببینێت.

هاواری کرد. قیڕاندی، تەنگە نەفەس بوو. خەریك بوو سنگی کپ ببێت. گینگڵی دا.. جووڵایەوە.. ئاگادار بووەوە.

تەماشای کرد پەنجەی لەسەر دێڕێکی ناوەڕاستی وتارەکە ڕاگرتووە. خەوی ماندوویەتی جلەوی لەدەست سەندووە. لەلای دەستی چەپییەوە جانتاکەی بینی پێی پێ دەکەنی!!

بەغدا ـ هاوینی 1987

یای یرۆ یۆی

کابرا بەدەستی خۆی نەبوو، ئەوەندەی حەز لەڕوخسارو دیمەنی مایکرۆفۆن دەکرد، بگرە لەخەویشدا هەر فووی بەمایکرۆفۆندا دەکرد، بۆیشی بکرایە وەسیەتی دەکرد لەناو کۆمەڵێك مایکرۆفۆندا گۆڕی بۆ هەڵبکەنن. ڕۆژگار هات و ڕۆژگار چوو، کۆڕان بەستران و، ڤیستڤاڵ و ئاهەنگان سازدران، ئەوەند فووی بەمایکرۆفۆندا کرد، دەنگی گیراو، دەزووی دەنگ و دەماری گەرووی ئاووسان هەیانبوو پچڕان. لەگەڵ ئەوەیشدا تۆبەی نەکرد.

ڕۆژێکیان هۆڵەکە جمەی دەهات، دەرزیت هەڵدابا سەر زەوی نەدەکەوت، مایکرۆفۆنەکان دەنگیان ڕۆژە ڕێیەك دەڕۆیشت، چلەی ماتەمینی شاعیری ناودار بوو.

کابرایش یەك بەیەك وتارو پەخشان و هۆنراوە خوێنی پێشکەش دەکرد.. تا گەیشتە ئەوەی دوا لالانەوە بخوێنرێتەوە. لەگەڵ دەنگ هەڵهێنانی یەکەم وشەدا لەتەنیشت مایکرۆفۆنەکەوە لنگاو قووچ کەوت.. دەماری گەرووی پسان.. لەچلەی شاعیردا.. گیانی سپارد..!!

هەولێر ـ 1989

بۆن

بەبازارِە جەنجالّەکەدا تێدەپەرِی، کۆگە رِازاوەکان سەرنجیان بۆلای خۆیان پێ گواستەوە، ئافرەت و کیژە مانگ رِووەکان ئەم کۆگەو ئەو کۆگەیان دەکرد، سەواو مامەلّەی گەردانەو بازن و بانزلّفی و گوارەیان دەکرد.

ئافەرتێکی نیو بالّ رِووت، خۆی و دەستە خوشکەکەی بەبەردەمیدا گوزەریان کرد، شووشەیەك بۆنی نایابی گرانباییان کرِیبوو، ئەمیان بەدەستیەوە بوو پیشانی ئەوی دیکەی دەدا..

ئەمیش لەلای خۆیەوە کە ئەوی بینی، بەبیریدا هات" بۆچی نەچێت بۆنێك بکرِێت؟..

ئەگەرچی بەدرێژایی ژیانی، وەك بەبیری بێتەوە.. بۆنی نەکرِیوە، بگرە بۆنیشی لەخۆی نەداوە!! بەلاّم برِیارەو داویەتی و پێی بەجەرگی خۆیدا ناوە.. دەبێت هەر بیکرِێت..

خۆی بەکۆگەیەکی بۆن فرۆشتندا کرد، پەنجەی بۆ بۆنێکی هەرزان بایی رِاکێشا، خاوەند کۆگەکە بۆنێکی نەختێك گرانتری پێ پیشان دا..

بۆنەکەی کرِی و، وەك بلّێیت دوو بالّی لێ پەیدا بووبێت، تیسکەی تفەنگ ئاسا رِێی بەرەو مالّەوەی گرتەبەر، بیری لەوە دەکردەوە، چۆن

مژده بەدایکی مندالّەکان بدات کە بۆنێکی نایابی کڕیوە.. لەو بیرۆکانەدا بوو پێی لەشۆستەکە هەلّنووتا.. شووشە بۆنەکەی لەدەست بەربووەوەو بەر بەردێك کەوت و تەقییەوەو پارچە پارچە بوو.. تۆزێك لەبۆنەکەیشی بەر لووتی نەکەوت!!

هەولێر ـ هاوینی 1989

ئەمپراتۆر

ێشەکی:

(ناوونیشانی ئەم چیرۆکە، دوور یان نزیك پەیوەندیی بەئەمپراتۆری ژاپۆنەوە نییە، تەنیا لەنەخۆشییەکەدا نەبێت، کە چاك نابێتەوە، ئەویش لەبەرئەوەی ئەم ئەمپراتۆرەی پاڵەوانی چیرۆکەکە، نەخۆشە، چاوەڕێی مردن دەکات، ئەگینە هیچ کۆششێکی نەکردووە، ئەو ناوەی وەرگرتبێت، بەڵکوو بەزۆری زۆردارەکی ئەو ناوەی بۆ خۆی زەوت کردووە؟).

(1)

لەگەڕەکەکەماندا، دەنگ و باسی وا بڵاوبووەوە، کە ئەمپراتۆر پەکی کەوتووە، چاوە کزەکانی نوقاندوون، دەست و پلی شل بوون، هەست و هۆشی لەدەست داوون، لەپەل و پۆ کەوتووە، بەسەر لاشە سڕو ماندووەکەیدا، وا وەیلێ و شینە، لەخۆدان و سنگ کوتان و گرینە، گەورەو بچووك هوروژاوون، ڕۆژی زیندووبوونەوەیە، کەس دەستی لەئیش و کار ناچێت، هەموو بەدووی هاڵ و هەواڵی ئەمپراتۆردا ئەڤداڵە،

نەوەك لەناكاودا كۆچ بكات، گیانی نەگریسی بەدەستی ئبلیسەوە بدات!!

(2)

لەپڕ جارِ بەگەڕەكدا درا.

خەڵكینە.. خەڵكینە، تا هەمووتان سەر بۆ كوێخا بلە.. ببوورن ئەمپراتۆر دانەنەوێنن، كڕنووش نەبەن، هۆش و ڕەفتاری ڕۆژانەتان نەخەسێنن، ئەگینە ئەم دەردو برینە سارێژ نابێت!!

خەڵكەكە سەریان سوڕما، هەواڵ و جاڕدانی لەو چەشنەیان نەبیستووە، سەدان كوێخای كوێر هاتوون و چوون، كەس كڕنووشی بۆ نەبردوون، كەس زاری نەتەرەكیوە، كەس دوومەڵی لەزمان هەڵنەتۆقیوە..

چەندان پرسیار.. لەچەندان زار.. سەریان قوت كردەوە.. نیشانەی سەرسوڕمانیان دەبردەوە..

ـ تۆ بڵێیت ئەم كوێخایە نەخۆش بێت؟!

ـ نەو كوێرایی دڵی داهاتووە!!

ـ نەتانزانی، ڕێوییەكە سەدو یەك فێڵ پتر دەزانێت!

ـ ئەم نەخۆشییەش فێڵێكە لەفێڵەكانی!!

ـ نەو لەهەزاران ڕووباری داوە، قاپی تەڕ نەبووە! خۆی نەخۆش خستووە!!

ـ بەخۆوەی نەدیتووە، وا دەزانێت بەتەڕە دۆینە دەمی جووتیارە هەژارەکان دەنووقێنێت! ئا بەو جۆرە ئاگری ئەو دەنگ و باسە کەوتە زارانەوە. کۆڕو دانیشتن و، دیوەخانان بۆ یەك دیان دەهەناردو پەرت دەکردەوە، ببووە بنێشتە شیرینەی ژێر ددانی پیرەمێردو کوڕو کاڵان..

(3)

ئەگەرچی گەڕەکەکەمان تازە تەلەفۆنی بۆ ڕاکێشرابوو، کەچی ئافەرتەکانی گەڕەك، ئەوانەی لەسەر کۆگەی ئەو خوارەی گەڕەکەوە، یەك دیان دەبینی و هەواڵی ئەو دەنگ و باسە سەیرەیان لەیەك دی دەپرسی.. شەوانیش بەتەلەفۆن بۆ یەکدییان باس دەکردو، چی هەواڵ و زانیاریی دیکە هەبوون کوت و پڕ بۆیەکدییان دەگوت و دەگواستەوە.. خاتوو (زارا) شەو نەبوو تەلەفۆنە ڕەش تاڵەکە بەگوێوە نەنێت و، هەواڵی ئەو ڕۆژەی گەڕەك سەبارەت بە ئەمپراتۆری نەخۆش بۆ (ڕەشکە) خانم نەگوێزێتەوە..

ـ دەڵێن ئەمڕۆ ئەمپراتۆر کەمێك هۆشی هاتووەتە سەر خۆی، هەرئەوەی بۆ کراوە، بەدوویدا ناردم.

ـ بەڕاستتە ، ئەی ڕەنگ و دووی چۆن بوون؟

ـ بەگیانی تۆ ئەو ڕۆژە ، چاوە قیچەکانی بزەیان دەهات، بۆنێکی مل شکێنەری لەخۆ دابوو ، بۆینباخەکەی بۆ نالێییت، ئەوەند جوان بوو لە (تۆکیۆ)وە بۆیان هێنابوو!!

ـ بۆئەوەی بلێین بەڕاستی لەئەمپراتۆر دەچێت!

ـ کچێ وا مەڵێ.. دیواریش گوێی هەیە.

ـ ئارەزووی خۆیەتی.. بەخوا من دەیلێم.. هەرچی ڕاستە ئەوە دەلێم، بەسپی دەلێم سپی و بە ڕەش دەلێم ڕەش.

ـ کچێ نەکەیت، دەستم داوێنت، من خۆشم دەوێیت، ئەگینە قۆرتێکت بۆ دروست دەکەن!!

ـ منێك کە ئەو پشتم بگرێت کەس ناتوانێت قۆرتم بۆ هەڵبکەنێت!! من ئەوەی لەسەرمە پێم گوتیت، ئیدی دەمێنێتەوە لای تۆ!!

(4)

لەپڕ تەلەفۆن داخرا.. ئەم جار لەسووچێکی دیکەوە، دوو ئافرەت بۆ یەکدییان باس دەکرد..

دەڵێن ئەم ڕۆ ئەمپراتۆر کەیفی هەیە.

ـ نەتبیستووە؟

ـ چی ڕووی داوە؟!

ـ کیژەکەی (قالە) بازرگان، ئەو چاوڕەشە قژ زەردە، پەنیر ڕەنگە، ئەمڕۆ سەری لەئەمپراتۆر داوە!!

ـ نەڵێیت، دیارە تیر مژی لەکانیاوی سازگاری ناوە!

ـ نەك هەر ئەوە، بەڵکو چی ئاڵۆشی لەشی هەبووە، بەدەست و پەنجە نەرم و نۆڵەکەی بۆی دامرکاندووە!!

ـ دەڵێم ئەمڕۆ چوومە لای، ئارەزووی جارانی نەبوو، لەگەڵم بدوێت، تومەز ئەمە لەلایەکی دیکەوە پارووبەکی چەوری بۆ هاتووە!!

ـ چەور، ئەمان چەور!!

ـ قەیدی نییە، دەبێت من دەوەرەی دەردی بەرم!!

(5)

لێرەدا تاریکایی کەوتە سەر ئەو دیمەنەو چرای ڕاستی لایەنێکی دیکەی ژیانی ڕەشی (ئەمپراتۆر)ی ڕووناك کردەوە..

دوو ئاسکۆڵەی دی.. بەتەواوەتی هەڵچووبوون و چاویان ئاگری لێ دەباری و پشکۆ لەدڵیانەوە کڵپەی دەستاند.

ـ ئەو چاو قیچە هەروایە، دەیەوێت دەمی چەور بکات و، لەگۆشتمان بخوات و، دەستێك بەسەر قژی ئارەزوومـاندا نەهێنێت!!

ـ من هەر لەزووەوە دەمزانی، ئەو ڕابوردوو پووچە، بەرخەلەوانی بەکوێخا بوو، ئەم جار بەنازناو ئەمپراتۆر، وای لێ بەسەر دێت، پێشینان ڕاستیان گوتووە (ڕێوی لەکونی خۆی هەڵگەڕایەوە، گەرِ دەبێت) کەچی بەرانبەر بە ئەمپراتۆر ئەم پەندە دۆش داماوەو هیچ گەڕبوونێك لەئارادا نییە!!

ـ کچێ کەمێك ئارامت هەبێت، ڕۆژان دەوران دەورە، کەمێك بکە سەبرە!!

چرای ڕاستی لەوێوە بۆ لایەکی ئەولای گەڕەك گوێزرایەوە.. دوو کەس.. لالە (کاکل) و وەستا (خدر) پێکەوە ئەو باسەیان گەرم کردبوو..

ـ کار وا بڕوات ئەم چاو قیچە هیچ ژن و کیژێکمان بۆ ناهێڵێتەوە، هەموویان لەڕێ دەردەکات!!

ـ تازووە با تەگبیرێکی خۆمـان بکەین!!

ـ سا بابیرێکی قووڵی لێ بکەینەوە!!

ـ چۆن بیر بکەینەوە، چی ڕێگەیەك بگرین، هەموو ڕێگەیەکی لێ تەنیوینەتەوە!!

ـ تەنیا ڕێگەیەك هەیە، ئەویش ڕێگەی من و تۆیە!!

ـ من و تۆ بەتاك و تەنیا چیمان لەدەست دێت؟!!

ـ هەموو شتێك!

ـ دەسا دەستم با لەناو دەستت بێت!!

هەردووکیان دەستیان لەدەستی یەکدی ئاڵاندو بەرەو ناو گەڕەك غل بوونەوە!!

(6)

ئەمپراتۆر فەرمانی دابوو، نابێت گەڕەکی خواروو تێکەڵ بەگەڕەکی لای ژووروو بێت، کۆڵانێکی تەنگەبەر لێکی دەکردنەوە، کە ژن و زاکان بۆ بازاڕی میوە فرۆشەکان دەچوون دەبوو تەماشای یەکدی نەکەن و، لەشۆستەکانیشدا بزەیەکیان بۆ یەکدی نەکەوێتە سەر لێو، تاوایان لێ هاتبوو ڕقیان لەخودی خۆیان دەبووەوە، بەڵام چی بکەن فەرمانی ئەمپراتۆرەو هەرکەسێك ملپێچی لێ بکات گیانی شیرینی خۆی لەسەر دادەنێت!!

ئێوارە لالە (کاکل) و وەستا (خدر) تەگبیرێکیان کردو بڕیاریان دا..

بچنە ماڵی لالۆ (سەرحەد)..

که پێیان نایە ناو حەوشەکەی ماڵی لالە سەرحەد.. تومەز (سالە) گۆجی بێ کارەیش لەوێ دەبێت.. سالە گۆج کوت و پڕ.. هەر بەو شەوە.. ئەمپراتۆری ئاگەدار کردەوە.. بۆ بەیانی بەدووی هەردوویدا نارد..

هەموو خەڵکی کۆکردەوە ڕەزیلی کردن، تف و نەفرەتی بۆ ڕەوانە کردن..

ـ تاکەی (...........) دەمێننەوە؟!

ـ بۆ ئابڕووی بردوون؟!

ـ بیرتان نییە؟!

ـ پیاو نین؟!

هەموو پیاوان دەماری پیاوەتییان بزووت، لەناخیانەوە بوون بەیەك دەنگ، بەیەك زار، بەیەك گیان، ڕووبەڕووی کوێخا چاو قیچ بوونەوە..

ژنان هەموو پێکەوە دەدووان، پیاوان شەوان ئام و شۆی یەکدییان دەکرد.. دەنگ و باس بە ئەمپراتۆر گەیشت.. زۆری پێ ناخۆش بوو.. تا هات لاوازدەبوو.. دەیدایە دڵ.. تا ئەو نەخۆشە کەوت.. کە هیچ چارێکی نەبوو، ئەو ڕۆژە هەواڵیان هێنا..

ئەمپراتۆر ئێوە خۆش.. ئەمپراتۆر مرد!! هیچ کەسێك بۆی نەگریا..

کەس ڕەشی لەبەر نەکرد!!

بەغدا 3-12-1988

بەڕێوەبەر

(1)

نازانم ئاه و نزوولەی کێ بوو هاتە دی؟ ئاواتی کێ بوو چرۆی کرد؟
تکاو پاڕانەوەی کێ بوو بەردی هیوای تەقاندو ئەم بەڕێوەبەرە زاناو بەتوانایەی بۆ ناردین؟!
هەرچۆنێك بێت، بەختمان لەهاتدا بوو، بەخۆمانەوە نەمان دیتبوو، ڕاستیشتان دەوێت، ئەوەی بەخۆوەی نەدیتبێت وەکوو ئێمەی بەسەردێت، نازانێت ڕوو لەکوێ بکات، مژدەی ڕووداوێکی وای گرنگ بۆ چەند کەس ببات؟
ڕووداوەکە زۆر مەزنە، لەژیانماندا نەمان دیوە.. لەخۆمانەوە..
بەڕێوەبەری گشتی بۆ خۆمان هەڵبژێرین و.. پیاوی شیاو بۆ پلەو پایەی شیاو بهەنێرین..!! نا..نەو هەرگیز نەمان دیوەو نایبینین!!

(2)

نامەخوا بەڕێوەبەری گشتیمان باسی قەلافەت و ڕووالەتی بێ وێنەو بێ ئەندازەی ناکرێت، تا بلێیت بالا چووە، تا بلێیت سك ئەستوور بووە، بێ چاوانی بێت، چاویلکەکەی بۆ ئەوەندە جوانە، هەر لەخۆی دەکەوێت، ئەی جل و بەرگ و قاتە سپی و مۆرو شینەکان بۆ نالێیت کالا بۆ بالا براوەو بەرگدروو دانیشتووەو بۆ ویی دروست کردوون..!

ئەی جانتاکەی دەستی بۆ نالێیت دووا مۆدیلی (ئەسانسۆنایت).. بەترپەی پێیدا ناگات، یەکەمین چەشنەو لەدووا فابریقەی ژاپۆنەوە هێنراوەو بەتایبەت لەوێوە بۆ ئەم کڕراوە!! سکی ئەستوورەو چەندین نووسین و وتاری تێدایە، خۆیشی هەڵی ناگرێت، کابرایەکی دامەزراندووە بۆی هەڵ دەگرێت! مووچەخۆرەکان! دەڵێن، ئەم بەڕێوەبەرەمان لەهەموو زانستێکدا، کەوچکێکی داوە، پەی بەهەموو زانیارییەك دەبات، مێژوونووسە، لێکۆڵەرە، نووسەرە، وتارنووسە. سەری لەهۆنراوەو چیرۆك و ڕەخنەیش دەردەچێت، سەری بۆ وتاری جوگرافی و گەردوونناسی و مێژوویش دەخورێت!! با ئەوەیشمان لەبیرنەچێت، کە خۆی گوتوویەتی: بەحزمایەتی بە (مامەند ئاغای هەمەقەندی) دەگات!!

باپیرەیشی لەبناری شوورەکانی (ئەربائیلۆ)ی دێریندا دژ بەداگیرکەران جەنگی توندوتیژی کردووە سەری چەندین سوارەی دەست بەنێزەو بەقەڵغانی پەڕاندووە!!

(3)

لەیەکەمین ڕۆژەوە، کە بوو بەبەڕێوەبەری گشتی، هەموو لێپرسراوو مووچەخۆرەکانی گرد کردەوە تیپی هەمەڕەنگی هێناو خاڵی هەمەجۆری بۆ دانان، ئامۆژگاری و ڕێنوێنیی باڵ دایەوە، ڕێڕەوو پەیڕەوو پرۆگرامی خۆیی ڕاگەیاند، گوتیشی کە دژ بەبیرۆکراتیەت و ڕۆتینە. دۆستی دیموکراتیەتە، خۆی مووچەخۆران بەسەر دەکاتەوە، گیروگرفتیان چارەسەر دەکات، پێویست ناکات بۆ بچووك ترین تەنگ و چەڵەمە داوای چاوپێکەوتنی بکەن، خۆی بەژووری مووچەخۆراندا دەسووڕێتەوەو، سەریان لێ دەدات و تەنگ و چەڵەمەکانیان چارەسەر دەکات!!

ئەگەرچی مووچەخۆرەکان هیچ گیروگرفتێکیان نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت نەی دەبینین!!

(4)

دەڵێن ئەم بەڕێوەبەرە حەزی لەمووچەخۆری ئافرەت نییە، سکرتێری پیاوی بۆ خۆ داناوە، کەچی ئەوانەی دەستەڕاست و دەستە چەپی ئافرەتن، دەستەڕاستەکانی ڕۆژی چەندین جار سەری لێ دەدەن، زۆرجار وای دەکرد، سپیلکە چاوشینە قژ زەردەکە بە سەعات و دووسەعات لەژووری بەڕێوەبەری گشتی نەدەهاتە دەرەوە، دۆسێکانی بۆ ڕێك دەخست، جارجاریش چاویلکەی بۆ دەسڕی و قۆڵنجی بۆ دەشێلاو بەپەرداخە ئاو دڵی فێنك دەکردەوەو، ئالۆشی لەشی دادەمرکاند!! چی دەستەچەپیش هەبوون، چاوڕەشێکیان تێدابوو هەموو ئێوارەیەك سەری لێ دەدا، بۆئەوەی شوێن پێی نیازە زەردەکان لەتاریکاییدا ون بکات، ئەو چاوڕەشە کورتە باڵا گەنم ڕەنگە کە سەری لێ دەدا سێ سەعاتی دەوامی ئێوارەی لەگەڵدا دەکوشت، کە دەهاتە دەرەوە، سەر لەنوێ مکیاژەکەی دەم و چاوی نوێ دەکردەوە، سووراوو سپیاوی دەداو دەتگوت نەئالۆشی وەراندووەو نەبای دیوەو نەبۆران!!

(5)

گوتیان ئەم بەڕێوەبەرە گشتییە، ئەوەی باشە پشت بەڕاپۆرتی مووچەخۆرەکان نابەستێت، کەدرۆی تێدا بۆ هاوەڵە بەستەزمانەکانی خۆیان هەڵدەبەستن، گوتیان حەز لەدوو ڕوویی ناکات، گوتیان ئاگر

بەهیوای سەوزی دڵی هیچ مووچەخۆرێکەوە نانیێت، گوتیان حەزی لەمەلەکردنی نێو گۆمی قووڵ نییە!!
ڕۆژگار هەموو ئەمەی چەسپاند، سەگێکی ڕاگیرکردبوو، دەست و قاچی هەموو مووچەخۆرێکی بەدەمدا دەبرد، ئەمیش گۆشت و دووگی چەوری پێ دەدا، پەپکەی بەردەم دەخست، کەسی نەهێشت بەقەپاڵ و گاز برینداری نەکات!!
تا کار لەکار ترازا، برین لەناو بریندا.. زا!! قەپاڵێکی وای گرت، دەستێکی وای وەشاند، وەنەبوو سەری مووچەخۆرێکی برادەرمان بپەڕێنێت!!

(6)

گوتیان بەڕێوەبەر ئاشنای کتێب و پەرتووکە، سەری لەناو کتێب و نووسیندا سپی کردووە، چاوی لەسەر دێڕو وشەی بچووکی کتێبە سك ئەستوورەکان دۆڕاندووەو ئێستا چاویلکەی کردووە!!
ڕۆژگار دەریخست، نووسەرێکی باشە، شێخ هۆمەر بۆی دەنووسێت، بەگوێرەی ئامۆژگاری ئەو وتار دەڕازێنێتەوەو، لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی پێ پڕ دەکاتەوە، خۆ گۆڤارو ڕۆژنامەکانی نیشتمانی بێزارکردوون، ڕۆژ نییە

به وتاره بەنرخ و بەسوودەكانی بەسەریان نەكاتەوە، تاڕادەیەك خوێنەر ئاشنای نووسینەكانی بوونەو ئەو نووسینەی لەهەر ڕۆژنامەو گۆڤارێكدا بڵاوبكرێتەوە.. لەبازاڕدا نۆرەی بۆ دەگرن و دەست ناكەون!! تاڕادەیەك گیرفانی شێخ هۆمەری پڕ دەكرد، ئەوی قوربەسەریش هیچی بەهیچ نەكرد، تا لەژیاندا مابوو هەموو شەوێك بەدوو پێك سەری خۆی گەرم دەكردو دەگەڕایەوە كولانە ساردو سڕەكەی تا شەوێكی زستانی تۆف و پڕ باران و ڕەهێڵە، پاش سەر گەرم كردنەكەی كەوتە نێو زێرابێكی قووڵەوەو گیانی سپارد، بەیانی لەوپەڕی شارەوە دۆزرایەوە، بەپارچە كاغەزێك نەبووایە نەدەناسرایەوە!!

(7)

هەندێكیان دەڵێن كتێب بەرهەم دەهێنێت، تا ئێستە دوو سێ كتێبی خستووەتە بازاڕەوە، ئەوەند دەخوێنێتەوە سەری لەهەموو زانستێك دەردەچێت، بەلای خوایەو كەوتووەتە ئەم ناوەندەوە!!

ئەگەر بەدووی ڕاستیشدا دەگەڕێن، بامن پێتان بڵێم، ئەوا كتێبی (دەمانچەی نەتەقیو) كە سەبارەت بەهۆنراوەكانی (شێخ نەنوستوو)ە هی خۆیەتی، شێخ هۆمەر نەینووسیوەو گۆڤارو ڕۆژنامە كۆنەكان نەگەڕاوەو هۆنراوەكانی دەۆنەهێناوەو ئەو لێكۆڵینەوەیەی لەسەر

نەنووسیوە، بەڕێوەبەری گشتی دەبێت کتێبی هەبێت، ئەمە قسەی یەکێك لەمووچەخۆرەکانە، کە (سەرکز خۆگێل کردوو)ەو بەگوێی بەڕێوەبەردا چووە، ئەویش بڕیاری داوە دەبێت کتێبی هەبێت، شێخ هۆمەری بەستەزمان ناچارە، ناووبن باخەڵی دیارە، مشکەکان تلیلیی تێدا لێ دەدەن، گەر وا نەکات پێکێکیش نابێت سەری گەرم بکات!!
ئەگینا دیوتانە لەبواری هۆنراوەوە، بازبدرێتە بوواری مێژوو، تەنیا لای ئەم نەبێت، دەڵێن لەهەموو پیاڵەیەکدا کەوچکە!!
ئاگرێکە بۆ خۆی، شت نییە داوو دەرمانی لای وی پەیدا نەبێت!!
شێخ هۆمەری بەستەزمان بەرلەوەی بەو ڕووداوە دڵتەزێنە سەنگەری پێك و نووسین بەجێ بهێڵێت، کتێبی (مێژووی شۆڕشی زەردەواڵەکان)ی بۆ نەنووسی، ئەمیش بەچەندین وتار لەم گۆڤارو لەو گۆڤار لەو ڕۆژنامەدا بلاّوی نەدەکردەوە، بەتیپڕایتەری دەزگەیش نەنووسرایەوەو نەشبرایە چاپخانە، خۆی لەوێ بوو بەبووکێك، زاوا بەدەستی خۆی بۆ خۆیی ڕازاندبێتەوە!!
سەرتان سوڕنەمێنێت، بەڕێوەبەری گشتیی ئێمە، پیاوێکی چاکە چاویلکە لەچاو ناکات، چوار تەلەفۆن لای دەستی ڕاستی خۆیەوە دانانێت، دەست بەقژی کیژو ئافرەتە مووچەخۆرەکاندا ناهێنێت،

لەدەوامدا بانگیان ناکاتە ژوورەکەی خۆیەوە، وادەیان پێ نادات، لەبازاڕدا سواری ئۆتۆمبیلی سووری خۆیان ناکات، لەئاستیاندا چاوی شەرم لەزەوی هەڵنابڕێت!!

لەجیاتیی سەگێك دووسەگی هارو دڕ ڕاگیر ناکات، کیژە جوانەکان.. شل و نەرمەکان.. ئەوانەی بۆن لەخۆ دەدەن.. خۆیان ڕێك و پێك دەڕازێننەوە.. سەرنجی لاوو پیر ڕادەکێشن.. لەنووسینگەی خۆیدا دانامەزرێنێت!!

بەڕێوەبەرەکەمان بێ وێنەیە، ئاوێنەیە، هیچ لەکەو پەڵەو تەڵخێکی پێوە نییە، ئەوەند بێ گەردە باسی ناکرێت!! بەناوو دەنگە، ووتار نووسە، مێژوونووسە، خەتی ئەوەند خۆشە ئەوەی شەشی سەرەتاییشی کۆتایی پێ هێنابێت، خەتی وا خۆش نییە، خەتی ئەم دەڵێیت شەڕە پشیلە نییە!! بڕوانامەی بەرزی هەیە، کەچی سێی ناوەندیشی نەبڕیوە!! بەڕێوەبەری ئێمە ناوو دەنگی زۆر وڵاتان چووە، ئەمەی من باسم کرد یەکی لەسەدی کردەوە جوانەکانی نەبوون، خوا یار بێت نۆرەی ئەوانی دیکەیشی دێت..! بەڵام نامەوێت ئەم چیرۆکەتان لێرەدا بۆ بەجێ بهێڵم بێ ئەوەی کۆتایی پێ بهێنم، ئەگەرچی چیرۆکی ئێستەیش ئەوەند

پێویست بەسەرەتاو لووتکەو هاتنە خوارەوە ناکات، گرنگ ناوەرۆك و دەربڕینەکەیەتی!!

دوا دەنگ و باسی بەڕێوەبەر تەم و مژاوی نییە، ئەوەتا دوای شێخ هۆمەر، قالە کۆسەی نەدۆزیوەتەوە وتاری بۆ بنووسێت، ئەمیش بەرهەمێك کە بالەگچکەی برای نایبنووسێت لەگۆشەیەکی بلاوکراوەی (بیابان)دا بلاوناکاتەوە.. تا چەند قرووشێکی بۆ بنووسێت!!

ژوورەکەی خاتوو (فاتە)یشی بەرانبەر ژوورەکەی خۆی دانەناوە، تا بەتەلەفۆنێك بانگی بکات و نوێنێکی نەرمی بۆ ڕابخات و قۆڵنجی بۆ بشێلێت!!

نەك هەر ئەمە، نەشبووەتە پشیلەو مووچەخۆرەکانی نەکردوون بەمشك، تا قسەی ئەم و ئەوی یەکدی بۆ ببەن ، هەرچۆنێك بێت ئەمە دڵۆپێکە لەو دەریایە.. کە بێ گومان قووڵەو دوایی نایە!!

بەکەس باوەڕ مەکەن، کە گوتی بەڕێوەبەری ئێمە وایە، هەر کەس وابڵێت ناحەزە، دوژمنە، ڕق لەدڵە، دوژمنایەتیی لەگەڵدا هەیە، هەر ناحەزە وا دەڵێت، بەڕێوەبەری وا لەکوێ دەست دەکەوێت، لەئاو و رووبار بدات قاپی پێی تەڕ نەبێت!!

بەغدا 14-3-1987

نووسەر

زۆر کەرەستەو بابەتی وێژەیی و ڕۆشنبیری لەگۆڤارو ڕۆژنامەکانی نیشتماندا بلاّودەکەمەوە، لەگەلّ ئەوەیشدا خۆم بەتەمبەلّ دەزانم و دەلّێم هیچم بە هیچ نەکردووە.زۆرجار بەخەیالّی ئەوەوە بیرم دەبێتە دەمی تەلّەی تەقیو، چۆن بەرهەمی پتر بنووسم و چۆن پەنا ببەمە بەر پێنووسەکەم و قامچییەکی بەلاڕاندا بکێشم و بەناو جاڕو دێمەکالّی بابەتدا بیڕەتێنم. هەرکە هەلم بۆ برەخسێت لەژووره کپەکەی خۆمدا ڕۆدەنیشم و دەست بەچنینی بیرۆکەی چیرۆکێك یان بابەتێك دەکەم..لەناکاودا بێ ئەوەی گەیشتبێتمە هیچ ئەنجامێك.. دەرگەم لەسەر لادەدرێت:

ـ بابە دوو پەنجاییم دەوێت بنێشت دەکڕم.

ـ کوڕم بڕۆ لەگیرفانەکەم دوو پەنجایی ببە.. ئاگەداری خۆت بە کە لەشەقام دەپەڕیتەوە، ئۆتۆمبیل لێت نەدات.

ـ بابەگیان دلّنیابە.

لەدووی خۆی دەرگە پێوەدەدات و منیش بەدیار ئەسپی سپی کردووی وشەوە دۆش دادەمێنم. هەرکە سەری جلّەوەکەیم بەردەست دەکەوێت ئەوەند دەزانم دەرگەم لەسەر دەکرێتەوە.. ئەم جارەیان کوڕە دوو ساڵانەکەم بەخۆی و داواکانیەوە بەژووردا دەکات:

ـ بابە.. ئۆتۆمبیل.

ئیدی دەست لەخامە بەردەدەم.. دەمەوێت بیانووی ببڕمەوە.. هەرچی دەکەم و دەکۆشم، هەر لەپەلّپ و بیانووی خۆی ناکەوێت. ناو چەکمەجەی مێزەکەم دەپشکنێت.

ئەم گۆڤار هەلّدەگرێت و ئەو کتێب دەردەهێنێت و کاغەزو پێنووسی دەوێت و لەسەر مێزەکە چوار مەشقی لێی دادەنیشێت و لەجیاتیی من کاغەزەکان هێلّ و هێلّکاری دەکات و جاروباریش دەلّێت:

ـ بابەگیان جوانە. ئۆتۆمبیل جوانە.

ناتوانم لێی زیزبم و دلّی بشکێنم. تاقانەیەو زۆر خۆشەویستە. بۆیە پەلّپ و بیانوو دەگرێت. زۆری خوو پێ داووم و بێ من دەرنابات. بگرە کە بمەوێت بۆ شوێنێك یان بۆ بازاڕ بڕۆم، ئەو پێشم دەکەوێت. منیش ڕیش بووەتە ڕیشمەوەو شانەم بۆ هەلّگرتووە.!

جاروباریش خۆی وەڕس دەبێت و بەئارەزووی خۆی بەجێم دەهێڵێت و دەرگەکەیش لەدووی خۆی پێوە دەدات. پەنا دەبەمەوە بەر ئەسپی وشە، ڕستە لەدوای ڕستە نزیکی مەبەست دەبمەوە..

لەپڕ یەکێك لەکیژەکانم خۆی بەژووردا دەکات:

ـ بابە غازم نەماوە.. دایکم دەڵێت: بچۆ غاز بهێنە.

یان:

ـ بابە بڕۆ نان بکڕە.. ئەم ڕۆ هەینییە، لەبازاڕ نان دەست ناکەوێت.

فەرمانەو دەبێت ئەنجام بدرێت، خامەو کاغەز بەجێ دەهێڵم و دەڕۆم، غازمان بوێت..

غاز دەکڕم و دێمەوە، هەناسەبڕکێ پشووم لەبەر دەبڕێت.. کە دێشمەوە ئارەزووی نووسینم چۆلەکەیەکی تەرەیەو بەرەو ئاسمان دەفڕێت.

ئەگەر نانیش بکڕم، دەبێت یەك چارەکە سەعات بەپێ بڕۆم تا دەگەمە نانەوا، لەوێش دە پازدە کەس نۆرەیان گرتووە، دەیانژمێرم دەکەس لەپێشمەوەن.. هەریەکەو پێنج خولۆك نۆرەیان بێت ئەوا نزیکەی کاتژمێرێك دەخایەنێت تا نۆرەم دێت. جیکڵدانم تەسك تەسك دەبێتەوە، هەزار جار نانەکەیان بەقوزەڵقورد دەکەم، کە دێمەوە زۆریان لێ تووڕە

دەبم و مێشکم دەبێتە مریشکێك لەهێلکە چووبێتەوە هیچ گارە گار ناکات!

ماوەیەك پشت لەخامە دەکەم، سەرلەنوێ دەمەوێت دەست بەنووسین بکەمەوە، زرە لەزەنگی دەرگەوە هەڵ دەستێت.

میوانەو خۆی بەژووردا دەکات:

ـ یاخوا بەخێر بێیت، ئەوە دیار نییت، ماوەیەکە سەرت لێ نەداوین.. ئەوە رێت ون کردووە.؟

ـ بژیت.. بژیت، بەخوا چی بڵێم کاروبارم زۆرن.. کەمێك نەخۆشم، گوتم سەرێکتان لێ بدەم، ئێوە لەشارن و شارەزاترن.. پزیشکی باش دەناسن. بەشکەم لەگەڵم بێن بچینە لای دکتۆرێك ئەم نەخۆشییەم چارە بکات.

لەدڵی خۆمدا ئەوەندەم رق لێ دەبێتەوە.. خوێنی لەکاسە بکەم تێری پێ ناخۆمەوە.

بزەم دێتێ و دەڵێم:

ـ ئەی بەسەرچاو، ئەگەر لەگەڵ تۆدا نەیەم، لەگەڵ کێ بڕۆم، کارێك بۆ تۆ نەبێت..

یاخوا هەرنەبێت!!

خۆم پۆشتە دەكەمەوە، بەجووتە بەرەو بازاڕی شارو شەقامی پزیشكان ڕێ دەگرینە بەر. تەماشای ناوی ئەم پزیشك و ئەو پزیشك دەكەین، كە لەسەر دەرگەی تیمارگەكانیان نووسراوە یان بەئەستوونەكانەوە هەڵواسراوە، دووسێ ڕیز دوكان بەجێ دەهێڵین، خۆمان بەژووری پزیشكێكدا دەكەین.. بلیت دەبڕین. ماوەیەكی زۆر دادەنیشین.

كە نۆرەی دێت لەگەڵی دەچمە ژووری پزیشكەوە.

نوژدار دەڵێت:

ـ ئەمە تا ئێستە لەكوێ بوویت؟ پێویستت بە (ئەشیعە)یە. بڕۆ (ئەشیعە) بگرەو وەرەوە.

دادەبەزین. بەدووی شوێنی (ئەشیعە) گرتندا دەگەڕێین تا دەیدۆزینەوە. ماوەیەكی دی كاتمان بەفیڕۆ دەچێت. تا (ئەشیعە) دەگرێت و دێینەوە لای دكتۆر، تووڕەییم چەقۆی خۆكوشتنم پێشكەش دەكات. بەڵام بیرم جڵەوی شێتی دەگرێت و ڕێی لێ دەتەنێتەوە.

نوژدار داوو دەرمانی بۆ دەستنیشان دەكات. ئەم جار بەدووی داوو دەرماندا، ئەم دەرمانخانەو ئەو دەرمانخانە دەگەڕێین.

لەشوێنێکی تەریکی بازاڕاوە دەرمانەکانمان دەست دەکەوێت و بەرەو ماڵ دەکشێینەوە.کاتی خزمەت کردن و نانخواردن دێتە پێشەوە. نان و خۆراك دەخورێت. چای بەدوودا دەکرێت.

دەمەتەقێ دەست پێ دەکات. نووسینەکەم لەولاوە چاوی زیتەی دێت و چاوم لێ دەقرپێنێت. بەڵام دڵنیای دەکەم، هەرکە ئەو میوانە زۆر ئێسك سووکەم لەکۆڵ ببێتەوە، پڕی دەدەمێ و دەیگەینمە ئەنجام!!

کەچی تا ئەو نووسینە تەواو دەکەم، سەدان جار لەنووسین دەکرێم، تا بەئەنجامی دەگەیەنم. پڵتوکێکم لێ بدەیت گڕکانی ناخم دەتەقێتەوە!!

بۆیە دەڵێم خۆم بەتەمبەڵ دێتە بەرچاو، کە ئەمەم بۆ باس کردن، بۆتان ڕوون دەبێتەوە، تەمبەڵی لەمن نییە، ئەو بارودۆخە وای لێ کردووم خۆم بەتەمبەڵ بێتە بەرچاو!!

هەولێر 14 -1-1990

مەرگەمووش

ئەگەرچی خانووەکەمان لەنێوان گەڕەکێکی کۆن و گەڕەکێکی نیمچە نوێدایە، کەچی تاڕادەیەك لەبوواری پاك و تەمیزییەوە دڵگیرە، نەختێك لەوە بترازێت کە هەموو شتێکمان ئەم ڕۆ پاك بکەینەوە، سبەینێ قولانجێك تۆزیان لێ دەنیشێت، ناچار دەبین بە پەڕۆ.. بیانسڕین و لەبەردەم میوان و خزم و ناسیاودا شەرمەزار نەبین.. زۆر بێزاریش بووین کە خانووەکەمان سەرەڕێیەو نزیك بەبازاڕەو چی ناسیاوو خزمێك سەریان بەشاردا بتەقێت دەبێت سەرێکیش لەئێمە بدەن و تۆزێك دابنیشن و پلاوو گۆشتی مریشك سمێڵیان چەور بکات!

ئەم خانووەمان ئەوەی باشە لەمارو مێروو، لەمشك و رسق و جورجەوە دوورە، دارو درەختیشمان نییە.. لەبەرئەوەی خانووەکە سەری والایەو جێی باخچەیشی نییە، باڵندەو مەل لێی بنیشنەوەو، گیانلەبەریدیکە بەخۆوە بگرێت و ببێتە جێی زیان و نیگەرانی.. زۆریشمان میوان دێت..

ئەگەر بلێم زەنگی دەرگەکەمان ڕۆژی سەد جار زرەی لێوە دێت تۆ بڵێ دووسەد!

ئەوە لەلایەن رسق و جورجەوە، هەر لەم ناوە نەبینراون، ئەو دوو سێ مشکەیش دەچوونە مووبەقەکەمانەوە لەکونی ناوەڕۆی جۆگەڵەکەوە.. لەکۆڵانەوە هاتبوونە ژوورەوە.. بۆنی ڕۆن و گۆشتی چەوریان کردبوو، ئەوەی باش بوو تەڵەیەکی کۆنمان هەبوو هەرسێی پێوەبوون و سەرمان ئاسوودە بوو!

ئەو ڕۆژە گەیشتمەوە، جارێك جلەکانم نەگۆڕیبوو ژنەکەم هەواڵێکی ناخۆشی پێ دام، گوتی:

ـ پیاوەکە زانیوتە جورج لایەك لەعەباکەی خواردووم!

گوتم:

ـ نەڵێیت! عابا نوێیەکەت؟

ـ بەڵێ، بەکەڵکی ئەوە نەماوە بەسەریدا بدەم!

ـ ماڵی جورج بەقوڕ بگیرێت.. ئەو عابایەی بەبیست و پێنج دینارت کڕیبوو..

مووچەکەیشم دەری ناهێنێت.. تا عابایەکی نوێت بۆ بکڕم، باشە ئەو جورجە لەکوێوە هات؟!

ـ وابزانم ئەو ڕۆژە دەرگەی دەرەوە لەسەر پشت بوو کاتێك میوانمان هات.
ئا ئەو کاتە گیانلەبەرێکم بینی لەدەرەوە تیژ تێپەڕی و هاتە ژوورەوە،
لەوانەیە ئەوە جورج بێت و ئەو لایەکی عەباکەی خورادبم.
لەو ڕۆژەوە خەو لەچاومان نەچوو، پلان و ڕێ و شوێنمان بۆ لەناوبردنی
ئەو جورجە دانا. دایکی منداڵەکان ئەو دەرمانە شرێسینەی هێناو،
کارتۆنێکی ڕۆخست و دەرمانەکەی لەسەر ڕۆکردو، لەپشتی
کەنتۆرەکەوە داینا.
شەو هات و جورج دەستی بەخرەخر کردو خەوی لەچاو حەرام کردین.
هەڵسام پێ لەقەیەکم بەکەنتۆرەکەدا کێشا، تاماوەیەك دەنگ نەما..
خەو چوو بووە چاوم و نەچووبوو، خێزانەکەم بەدەنگی نزمەوە هاواری لێ
هەڵسا:
– ئەوەتە.. ئەوەتە، لەسەر مێزەکەیە، جورجێکی گەورەیە..
ڕاپەڕیم.. لەهەڵسانی مندا نەزانرا بەرەو کوێ چوو.. هەر نەبوو بۆ
تۆزێك خەو چاوەکانم لەکەللەی سەرمەوە دەرپۆقنە دەرەوە، دیسانەوە
ڕاکشامە سەرجێ، نەمزانی کەی ڕۆژ بووەوە.

بەیانی کە هەڵساین هەموو نوێنەکانمان لەسەر بۆفیەکە لادا، تۆمەز لێفەو دۆشەك و سەرینی بۆ نەهێشتووین ناچار هەموومان لەژوورەکەی دی لەسووچێکەوە هەڵپەسارد.

کێشەکە گەورەتربوو، خزم و ناسیارو دراوسێکان پێیانزانی. یەکێك گوتی: تەڵەی گەورە بهێنن. ئێمەیش ناچار بووین بیر بکەینەوە چۆن ئەم جورجە لەناو ببەین و نەهێڵین زیانی زۆرترمان لێ بدات. ئەم جارە خێزانەکەم چووە بازاڕ مەرگەمووشی کڕی و، لەنێوان کەنتۆرو دیوارەکەدا ڕۆی کرد.

پێم گوت:

ـ ئافرەت نەکەیت بیر لەمنداڵەکان ببڕیت تۆزێك لەمەرگەمووشەکە بخۆن و وابزانن شتێکە دەخورێت و لەسەر ڕیش سمێڵیش دابنێین..!

مەرگەمووشیش سوودی نەبوو. لەبازاڕ تەڵەیەکی گەورەمان بەسێ دینار کڕی پەنیری چەورو پەپکە چەورەمان پێوە لکاندو لەپشتی کەنتۆرەکەوە دامان نا، بەشکەم مام جورج سەری لێ بدات و پێوەی ببێت و ژیانی پێ کۆتایی بێت ، کەچی هیچ ئاواتێکمان بەدی نەهات. تا کتێب و دەفتەرو کەل و پەل وەستابا، مام جورج بەنزیکی پەنیری تەڵەو پەپکە چەورەو مەرگەمووشدا نەدەهات!

کار لەکار ترازا، جورجەکە لەپشتی کەنتۆرەوە سەنگەری خۆی قایم کردبوو، ڕۆژان دیار نەبوو، شەوان دەردەکەوت و دەکەوتە خڕەخڕو شت و مەکی دەکرماندو خەوی لێ حەرام دەکردین!

هەفتەیەك پتر بەو پەرێشانییەوە تلاینەوە، سەر لەبەیانییەك خۆم پۆشتە کردبووەوە، دەمویست لەماڵ دەربچم، ئەوەندە ماندوو ببووم، شەو خەوم لێ نەکەوتبوو هەستم بەجم و جووڵی جورجەکە نەکردبوو، پرسیم:

ـ ئەرێ ئافرەت دەڵێیت جورجەکە نەماوە، ڕۆیشتووە.

ـ ڕۆیشتنی چی! ئەم شەو لای سەرمانەوە خڕەی دەهات. لەوانەیە لەم سووچەوە بێت.

پەنجەی بۆ سووچەکە ڕاکێشا. ئەو سووچەیش ئاسقییەکەی لێ بوو. شتەکانی سەر ئاسقییەکەمان لاداو ڕامانکێشایە ئەم لاوە. لەسەر ئاسقییەکە ڕووانیم پیرە جورج لەنێوان دوو دیوارو کەنتۆرو ئاسقیدا گیری خواردووە. دارێکم بەدەستەوە بوو. پێمداکێشا. دەیویست بەکەنتۆرو دیوارەکەدا هەڵبزنێت. بەڵام من ڕێم لێ گرتبوو. داوای دارێکی درێژم کرد. کە دارەدرێژەکە گەیشت. دارێکی توندم پێدا کێشا..

www.kurdistannet.org
16-2-2005 22:54 بةكاتي ناوةندي ئةوروثا

لەجوولّە کەوت. پاشان بەتەواوەتی ئاسقییەکەم لاداو بەدارەکە فڕێمدایە دەرەوە..! تەماشای پشتی کەنتۆرەکەمان کرد بەرگی کتێبێکی بەتەواوی خواردبوو، بەلاّم کە ویستبووی ناوەرۆکی کتێبەکە بخوات.. کۆتاییمان بەژیانی نەگریسانەی هێناو بەم شەودا بێ پەژارەو نیگەرانی نوێنەکانمان گێڕایەوە شوێنی جارانی خۆیان و ناو ژوورەکەمان ڕێك و پێك کردەوەو دلّنیا سەرخەوێکی باشمان شکاند!!

هەولێر 3-2-1990

www.kurdistannet.org
بةكاتي ناوةندي ئةوروثا 16-2-2005 22:54

سێ کورتە چیرۆک

(1)

نان

ژ میێژ نییه باوکی نەخۆش کەوتووه، لەماڵەوه درێژبووەتەوه، ئەو دەرمانانەی پێی دەدەن، تەندروستیی چاك ناکەنەوه، لەگەڵ ئەوەیشدا دەرامەتێکی دیکەیان نییه پشتی پێ ببەستن.

ئەو ڕۆژه باوکی نەخۆش و برسیش بوو، نانەڕەقەشیان لەماڵدا نەبوو، کوڕەکە هەڵساو، لەماڵ چووه دەرەوه. ڕووی کرده ڕیزه بازاڕێکی ئەو لایان، دەستی پاڕانەوەی لە ئەم و ئەو پان کردەوه، بیری هەر لەلای نزره نزری باوکی بوو کە هەناسەی سوار ببوو!!

پەلەی کرد، بایی چەند نانێك پارەی دەرۆزە کرد، لەنزیکترین نانەواخانە لای دا، دیتی دوو سێ کەس لەپێشیەوەن، تا نۆرەی گەیشتێ ماوەیەکی خایاند، نانەکانی وەرگرت و ژماردنی و بەپەلە تێی تەقاند..

بیری لەوە دەکردەوه.. ئێستە دەگاتە ماڵ و مژدەیەکی خۆش بە باوکی دەدات.. نانی بۆ هێناوه..دەگاتە بەر دەرگەی ماڵ و دەچێتە ناو

حەوشەوە..قەرەباڵغییەکی نائاسایی نیشانەی سەرسوڕمانی لەبەردەمدا دروست دەکات.. پڕ دەداتە ئەو ژوورەی کە باوکی تێدایە..دەبینێت تەرمی باوکی بەجاجمێك داپۆشراوە.. لەپڕمەی گریان دەدات و ئەم ڕستەیە لەگوێیدا دەزرنگێتەوە:

ـ لەبرساندا مرد!! لە برساندا مرد!

(2)

دەستڕێژ

بەپەلەبوو، لەناو بازاڕاوە بۆی تێتەقاند، تازە لەقوتابخانەوە هاتبووە نێو بازاڕ، بیری لای ماڵەوە بوو، شەقامە درێژە پڕ لەدرەختە بەرزەکانی تێپەڕاند، کیسەیەکی نایلۆنی ڕەشی بەدەستەوە بوو، هەتاو ماڵئاوایی لەئاسۆ دەکرد، هەنگاوی خێرا خێرای دەهاویشت، لەترافیك لایتەکە ئاووڕی دایەوە، چاوی لەفێرخوازەکان بوو پەرتووکەکانیان بەبن دەستانەوە بوو بەرەو ماڵەوە ملیان دەنا ئەمیش گڵۆپی بیری بەلای منداڵەکانیدا داگیرسا.

هاتەوە هۆشی نێو شەقامەکەی تێیدا بوو، دوو پیاوی دەم و لووت پێچراوی چەك بەشانی لەدوو بوون، گوڵۆپی سەوز پێبوو، هەنگاوی لێ هەڵهێناو ویستی بپەڕێتەوە، لەپشتەوە دەنگێك تێی خوڕی:

ـ کوڕە نەڕۆیت!

ئاوڕێکی لەرزۆکانەی دایەوە، هەنگاوەکانی تیژتر کردن، گوێی نەدایەو ڕاست ڕۆیشت، ئەوەندەی گوێ لێ بوو دەستڕێژێکی لێ کرا، بەربووەوە سەرشۆستەکە، خلّتانی خوێن بوو. گەیشتنە سەری و، پڕیان دایە کیسە نایلۆنە ڕەشەکەی دەستی و ڕایان ڕفاندو بزربوون.

لەسێبەری تاریکییەکدا ڕۆنیشتن، بەتەمای ملیۆنێك دیناربوون، کیسەکەیان پشکنی، دەفتەری ئەزموونی فێرخوازەکانی تێدا بوو! تا دەستیان بگرێت تووڕەیان داو ڕۆیشتن نێچیرێکی دی دەست بخەن!!

هەولێر 28-1-1994

كورسی !

فەرمانی بۆ دەرچوو پێش ئەویش یارمەتیدەر پێوەندیی پێوە کردو لەگەڵی ئاخفت و پێی ڕاگەیاند:

ـ ئەو پلەو پایەم بۆ تۆ هەڵبژاردووە.

بەتاقیکردنەوەو هەڵس و کەوت بۆی دەرکەوتبوو کە دەتوانێت ئەرکەکە ڕاپەڕێنێت، بۆ..نا.. ئەوە چەند ساڵە لەهەمان ئەو شوێنەدا ئیش دەکات و، بەتەواوەتی شارەزای تواناو لێهاتوویی بووە، ئەمیش هیچ خۆی نەشلەژاند، وەڵامی ئەوەبوو:

ـ هەرشتێکم پێ ڕابسپێرن ناڵێم نا..

کارەکەی ئەنجام دەداو بێ پشوودان ڕایدەپاڕاند!!

بۆ بەیانی بەپێپلکانەکاندا سەردەکەوت، هێشتاکە دەرگەی ژوورەکەی نەکردبووەوە، مامۆستا (دلێر) لەبەردەمیدا قوت بووەوە، مەچەکی توند گرت و بەرەو ژوورەکەی خۆیی برد، خۆی لێی دانیشت و ، ئەم بەپێوەو، بەدەم دانیشتنەوە چەند کاغەزو نووسراوی دایە دەست و لەگەڵیاندا گوتی:

- ئاگەت لەمانە بێت.. دەبێت زوو چاو هەڵبهێنن!! دۆست و خاوەندەکانیان پێوەندییان پێوە کردووم، دەبێت دەست و برد بکەیت!!
ئەم هەر سەری بۆ دەلەقاندو، بەهەزارو یەك بیانوو خۆیی لەدەست ڕزگارکرد، کە لەژوورەکەی خۆی جێگیر بوو.. ئەوەندەی زانی بوو بە شارە مێروولەو.. چەندان ناسیاوو نەناسیاو تەنگیان پێ هەڵچنی.. ئەوی سەرقاڵیش دەبوو کارەکانی ئەنجام بدات و بۆ شوێنەکەی دی بگەڕێتەوە..!
ئەم نووسراوەی دەدایە.. ئەوی دی هەواڵی نووسراوێکی پێراری لێ دەپرسی.. ئەوەکەی دی گلەیی و گازاندەی لەدوواکەوتنی چاو هەڵهێنانی نووسینەکەی دەکرد.. ئیدی کابرایان وڕو کاس کرد.. نەیدەزانی چۆن دەم بکاتەوە..جار ناجاریش لەگەڵ دۆزینەوەی وەڵامی ڕاست و ڕووندا.. دەمی دەبوو بەتەڵەی تەقیوو، چاوی ئەبڵەق دەبوون، مێشکی لەکار دەکەوت!!
شتێکی سەیریش گوزەرانی ئەو ڕۆژانەی لێ تاڵ کردبوو، سەرەڕای سەرقاڵی و کەم کاتی!!.. نەیدەتوانی لێرە بۆ ئەوێ بجوولێتەوە، لەناو ژووردا، لەبەر دەرگەدا، لەئۆتۆمبیلدا، لەناو ڕێڕەودا، لەکاتی دابەزین

بەپێپلکەو، لەهەر شوێنێکدا بووایە..هەر خەڵك بوون بە ڕووخۆشی و پێکەنین و بزە بەسەرلێوەوە تاویان دەدایەو تەوقەیان لەگەڵ دەکرد..

ـ هەر لەخۆت دەوەشێتەوە!

ـ پیاوی شیاو.. لەشوێنی شیاودا!

ـ ئەو شوێنە هەر شایەنی تۆیە!

زرەی تەلەفۆنیش لەولاوە ڕابووەستێت، یەکێك پیرۆزبایی دەکرد.. یەکێك گلەیی دەکرد..

ـ کاکی برا خۆت شاردووەتەوە، با چاومان پێت بکەوێت.. هەر نەبێت تاوێك دانیشین..دوو قوم هەڵدەین و چوار قسەی لێ بکەین..!

ـ من هەر گوتوومە تۆ شایەنی ئەو شوێنەیت.. شوێنی دەست ڕەنگینیشت دیارە.. ئەوە نییە.. تەماشاکە.. بەخوا لەهەموو لایەك هەر باسم کردوویت!! دە.. دیار بە.. دیار!!

نەیدەتوانی بەبازاڕدا تێ بپەڕێت.. هەر ناسیاوو نەناسیاو بوون.. مەچەکیان دەگرت:

ـ بەخوا ئەم شەو دەچین لەیانەی (..........) نەختێك سەری خۆمان گەرم دەکەین..!

ئەویش بە هەزاران بیانوو.. بەهەزاران سوێندو پاڕانەوەو تکاو بەڵێن.. خۆی لێ ڕزگار دەکردن .. بستێك دەچوو.. یەکێکی دی لەولاتر تەنگی پێ هەڵدەچنی.. هەمان داخوازیی بەگوێدا دەدا!! هەڵچوونی دەگەیشتە ترۆپك.. بەپاڕانەوە خۆی لەئەویش ڕزگار دەکرد!!

ماوەیەك بەو جۆرە ژیانی کەوتە بەر شالاوی مەترسیی سەرقاڵی و تەلەفۆن بۆ کردن و سۆراخ پرسین و لەدوو گەڕان، کە ئەرکەکەی خۆی بەسەرکەوتوویی ڕادەپەڕاند.. تاڕادەیەك یارمەتیدەر زۆری پێ خۆش بوو!

ئەو وشانەی لەزار ترازابوون:

ـ لەزووەوە چاووم بڕیبوویە !

لەم لاوە ئەم هەر سکاڵاو ئاخ و ئۆفی لەدەستی ئەو ئەرکە دەردەبڕی، حەزی لەو شوێن و پایەیە نەبوو.. لێوی لێ هەڵدەقورتاند.. زۆرجاریش لەبەردەم برادەران و ناسیاواندا دووبارەو سێ بارەی دەکردەوە:

ـ ئەو شوێنەم ناوێت.. نامەوێت.. لەوێ دانانیشم..نا..نا!!

وەڕسی نەیگرتبوو، ڕێگەی داهێنان و ئازادیی بیرکردنەوەی لێ تەنیبووەوە!! ئەویش حەزی بەئازادیی بیرکردنەوەو داهێنان و خوێندنەوەو خۆ خەریککردن بە وشەوە بوو..

سەر لەبەیانییەك یارمەتیدەر.. بەدوویدا نارد:

ـ تۆ نالێیت لەو ژوورەدا دانانیشم.. ئەو شوێنەم پێ ناخۆشە..! ئەویش بەزەردەخەنەیەکەوە، وەك بلێیت چۆلەکەیەکە دوو باڵی ئازادبوونی لێ ڕوواوە گوتی:

ـ بەڵێ گوتوومە.. پێی لێ دەنێم!

یارمەتیدەر لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی:

ـ بۆیە بڕیارمان داوە ئەو شوێنە بەجێ بهێڵیت و.. لەژوورەکەی دی دابنیشیت..

کلیلەکەیش بە (دلدار) بدە.. ئەو لەو شوێنە دادەنیشێت!!

گێتیەك شادی و کامەرانی خۆی هاویشتە نێو دەروونیەوە.. چوون پاساری تازە فێری باڵەفڕێ بووبێت.. فڕی.. فڕی.. ئیدی خەڵکەکە کە بینییان وای لێ هات.. دوێنێ وەك نیسك ڕوویان تێ دەکرد.. بۆی پێ دەکەنین.. لەدووی دەگەڕان.. پێوەندییان پێوە دەکرد.. سۆراخیان دەکرد.. بانگهێشتیان دەکرد.. هەردوو ڕووەکەی خۆیان ڤەشێردو چاویان نوقاندو ڕۆیشتن!!

ئەمیش لەشوێنەکە مۆڕ بووەوە.. بۆی بکرایە دەیسووتاند!

هەموو تاوانەکە تاوانی شوێنەکە بوو.. ئەو خەڵکەی وا لێ کرد. بۆیە دروشمێکی بۆ خۆی هەڵبژارد.. تا لەژیاندا مابێت توخنی کورسی.. توخنی شوێنی لەو جۆرە نەکەوێت!!

1988-3- 28

ددان پیێدانان

لەیادمە هاوینێکی هەشت ساڵ لەمەوپێش بوو، دانەرەکەم، بەداخوازییەکی نووسراوەوە لەبەردەستی چاپ و بڵاوکردنەوەدا دانام، بەرپرس ئەم دیوو ئەو دیوی کردم و بەڵێنی دا:

ـ بەسەرچاو، تۆو ئەمە، خوا یاربێت، بەزووترین کات ڕووناکی دەبینێت!

لەناو لیستی دەستنووسەکاندا ژمارە سێزدەم بەرکەوتبوو، نووسەرەکەم هەر ئارەزووی لەژمارە سێزدە نییە، ئیدی لەوەدەمەوە ئەم ڕێکەوتەی بەڕەشبینی زانی و تا دەهات چاوی هەر دەڕفی!!

ژمارەکانی پێش من یەك لەدووی یەك بەرەو چاپخانە ڕەوانە کران و، بە بەرگی ڕەنگاوڕەنگ و سەرنج ڕاکێشەوە ڕووناکییان بینی و، بوونە بنێشتە خۆشەی ژێر ددانی ڕەخنەگرو نووسەرو خوێنەران و، لەسەر مێزی مەیخانە، لەگەڵ مەزەی جۆربەجۆردا، بوونە مەزەی ڕەخنەو ڕەخنەکاری و چاویان لێ زیت کرایەوەو، لەچاپخانەکاندا، لەگەڵ چای دش و تاڵ و شیریندا، ئەوەند باسیان لێوەکرا تلێپی تەڕو وشکیان تێدا

نەهێڵرایەوە. منیش شوێنەکەم گەرم بوو، لەئامێزی دۆلابێکی ئاسنیندا تاسێنرابووم، سەرمابردەی زستان ئیرەیی پێ دەبردم، کەس ئاوڕی لێ نەدەدامەوە.

نووسەرەکەیشم، نەماست و نەنانی تیری و نە شەڵتانە سێوو، نە کارتۆنە مۆزی هەبوو، دەمی ئەم و ئەوی پێ چەور بکات و لەژمارە سێزدە ڕزگارم بێت و تیشکی ڕووناکیم بەر بکەوێت و، ببمە شووتییە سوورەی بەردەستی لێزانان و هەر ڕەخنەگرو ڕەخنەنووسێك بمداتە بەرسیکاردی لێکۆڵینەوەو لێ وردبوونەوە.

بەم جۆرە تەماشام دەکرد ژمارەکانی ڕەشنووسەکان لەپێش و لەپاشی منەوە، هەرچی دەهات، ئەوەندەی نەدەخایاند بەنووسراوەوە، بەرەو چاپخانە ڕەوانە دەکراو، غلۆر دەبووەوە، بەڕازاوەترین ناوونیشان و بەرگەوە، دیدەی بخوێنانی نیشتمانیان ڕووناك دەکردەوەو، منیش لەناو (قیر)دا گیرم خواردبوو دوو سێ عەرەبانەو ئەسپ و پیاوی ڕیش سپی دەیانتوانی زۆر بەئاسانی دەرم بهێنن، بەڵام ئاخ لەدەستی ئاخی نەداری، نووسەرەکەم کلاش چەك بوو، ڕۆژگاری گیرفانی تەنگ بوو، دەستیشی نەدەگەیشتە سەرووی دارخورماکان!!

لەژمارە سێزدەدا چەقیم، ژمارە پەنجاو شەستیش گەیشتنە بازاڕی چاپەمەنی و، پاش ئەوانیش چەندانی دیکە بەشارەزاو پسپۆڕان دران بخوێنرێنەوەو، بڕیاریان لەسەر بدرێت، ئاووڕیش لەمن نەدرایەوەو لەناو دۆسێیە پەڕپووتەکەیان دەرنەهێنام، بەم جۆرە چوار ساڵ لەناو دۆڵابێکی تاریکدا فڕێ درام، تیشکی هەوایەك لێی نەدام، لەپڕ پاش ئەو هەزارو چوارسەد شەست و یەك ڕۆژە، دەستیان برد لەدۆڵابی تاریکیان دەرهێنام و، ڕۆژێك بەدوای نووسەرەکەیاندا ناردم و، نووسراوێکیان پێ مۆر کردو، تووڕیان دام.

ـ بیبەوە، بواری بڵاوکردنەوەو چاپمان نەماوە!!

دانەرەکەم، هیواو ئاواتی شکستی هێنا، هەڵسا ڕووی کردە دەزگەیەکی دی. پێش چەند ساڵێك بەرهەمێکی دیکەی بۆ چاپ و بڵاوکردبووەوە، خوا هەڵناگرێت پێشوازییان لێکرد، بەڕوویەکی گەشەوە وەریانگرتم. هەر ئەو وەرگرتنە بوو. نەمزانی لە چ شوێنێکدا بوو شاردیانمەوە، کۆبوونەوە دوای کۆبوونەوە کرا، ناوی من هەر نەبرا، دووساڵ قووتم خواردەوە، هەرکە دانەرەکەم بیپرسیایە، بە ڕستەیەکی کورت وەڵامی دەدرایەوە:

ـ نۆرەی دێت، نۆرەی دێت!

نۆرەی چی! تا خاوەندی نانی تیری و ماست و پەنیرو مۆزو سندووقە سێوەکان وەستابان، من لە هیچ شوێنێك نەدەبینرام!!

لێرەیش نزیکەی هەزار ڕۆژێك بێ سۆراخ مامەوە، دانەرەکەم دۆستێکی ڕاسپارد، بەرپرسەکە گوتبووی:

ـ هێشتە یەك ساڵ بەسەر بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی پێشوویدا تێ نەپەڕیوە!!

کاتێك ئەم ڕستەیەی بەرگوێ کەوتبوو، دەمی بوو بووە تەڵەی تەقیو، چاوی ئەبلەق بوو بوو، لێپرسراوی کۆن چوو، لێپرسراوی نوێی لەشوێن دانرا. دانەرەکەم یادداشتێکی نووسی.

ئەوەندەی نەبرد لەناو کەنتۆرێك ڕەشنووس و دەستنووسدا دەریانهێنام و، بەنووسراوێکەوە بە شارەزایەکیان دام، شارەزا خوێندبوومیەوەو بەگوێرەی دڵی وی بووم، لەبەدبەختی و چارەڕەشی دانەرەکەم ، شارەزا لەو شارە باری دەکرد، تا ڕۆژێکیان بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە ماڵیان پێچرابووەوە، منیشیان لەگەڵ رەوە کتێبەکانی خاوەن ماڵدا لەکارتۆنێك پەستابوو، ماوەی سێ مانگی ڕەبەق لەناو پیرە کارتۆندا دەست بەسەرو بەندبووم.

کاتێکیش شارەزا سۆراخی خواردم و بەدەزگەی دامەوە، ماوەی ئەوە نەمابوو چاوی کاڵ لەچاپخانە هەڵبهێنم، لەم ئاقارەدا گیرم خواردبوو، چەند کۆبوونەوەیەکی دیکەیش کران، کەسێك نەبوو هەر بۆ ناو، ناوی من بهێنێت، ئێستە لێرەیش چوار ساڵی ڕەبەقم بەسەربردووە، ئەوەبوو بەهەشت ساڵ، خاوەنەکەم سەری خۆی لەدارو بەرد دەدات، هیچ بەهیچ ناکات، منیش منداڵێکی تەمەن هەشت ساڵانم، هەشت ساڵە دەمەوێت لەدایك ببم، فێری گڕوگاڵ و گاگۆڵکێ ببم، ببمە بزەی سەر لێوی بخوێنان، کەچی هێشتە هەر سەرکوت دەکرێم و، چاوی گەشم بۆ ژیان هەڵنەهێناوە!

پێی لێ دەنێم و دەڵێم ئەگەر نووسەرەکەم لەژمارە سێزدە ڕەشبین نەبووایەو کەمێك هەنگوین و ماست و پەنیرو نانی تیری و هێشووە مۆزی ببردایە، سمێڵی ئەم و ئەوی چەور بکردایە، بەشان باهۆوی ئەم و ئەویدا هەڵبدایە، ئەوکات منیش لەناو نووسراوەکاندا بزەی سمێلم دەهات و دەبوومە بابەتی دەمەتەقێی سەر مێزی مەیخانەو چاخانەکان و، هەر نەبووایە پێشکەش بەچەند نووسەرێك دەکرام، کە بڕێکیان لەدەوری قەڵاتدا دەیانفرۆشتمەوە!.

هەولێر 11-7-1990

ئاپوورەو لافاو

لەناو چەقی شاردا ئاپوورەی ڕێبوار شارەزەردەواڵە بوو، شۆستەکانی ئەم بەرو ئەوبەر بە وردەفرۆش و، شەقامەکانیش بەگالیسکەی میوە فرۆش و شەکرو برنج و شیرینی و سەوزەو خورماو بیبسی و پەتاتە فرۆش تەنرابوونەوە، شۆستەکەی ئەو بەرەوەیش بڕێك منداڵی ڕۆژنامەفرۆش دەواری گۆڤارو ڕۆژنامەکانی خۆیان لێ هەڵدابوو، ئاپوورەیەك دەوری لێ دابوون، مانشێتە جۆراوجۆرەکان زمانی هەواڵێکی ساختەیان لێ دەردەهێنان. ئەو لاتریش شیرفرۆش و پارە گۆڕەرەوەو پینە دۆزەکان، لەمێژبوو بۆ خۆیانیان تاپۆ کردبوو، پۆلیسی هاتووچۆیش لەولاوە زەقەی چاوی دەهات و، ڕێبوار گالیسکە ڕێیان بە ئوترە جۆراوجۆرەکان نەدەدا، تەنانەت شاوریش لێ بدەن، شاوری پۆلیسەکانیش شەرم دایگرتبوون، ترەفیك لایتەکان مانیان گرتبوو، یاسای هات و چۆش خۆی لەسێدارە دابوو! پالەوانەکە پەلەی بوو، دەیویست بگاتە گەڕەکی خۆیان و، کارەکانی ئەنجام بدات، هەندێك گۆڤارو کتێبی هەمەڕەنگی

لەبن هەنگلدا بوو، نەیدەزانی کامیان بەر چەقۆی خوێندنەوە بدات، ئاپوورەکان ڕێیان لێ تەنیبووەوە، دەرزیت هەڵدابا بەر سەریش نەدەکەوت، منداڵە وردەکان بەئاسمانی کاتەوە دەیانقۆستەوە.

پاڵەوانەکە بێزاربوو، ئەم ئاپوورە یاخی بووەی لەلا ببووە تەگەرەو کۆسپێکی بەردەم یاساو نەریتی شارستانی، ئەوەتە هەموو جارێك یاسا دەست دەداتە تفەنگ و شمشێرو نێزەو، بەگوللەی برگەکانی خۆی ئەم سەنگەرەیان لێ وەردەگرێتەوەو، چەقی ڕێگەو شۆستەکانیش شایی و بەزمی هەڵپەڕکێی خۆیان لێ ساز دەدەن و، حەوت ڕۆژو حەوت شەو زەماوەند ساز دەدەن و گۆرانی و لاژە دەچڕن، کەچی لەچاوتروکانێکدا هەرکە پۆلیسەکان دڕیان بە تاریکایی شەو داو لەودیوی ترەفیك لایتەکانەوە بزربوون، گالیسکەو وردەفرۆش و ئیکسپایەرفرۆش ناوچەقی ڕێگەو شۆستەکان دەتەننەوەو، گوڵەبەرۆژەی بەندی یاساکان دەترووکێنن و، بگرە توێکڵەکانیشیان قووت دەدەن!

ئۆتۆمبیلێك پێش پاڵەوانەکە، سنگی نابووە بەر شەپۆلی ئاپوورەی ڕێبواران و، گالیسکەکان، زۆر دژوارو، هێدی هێدی، سەولّی بەرەو پێشەوەی دەهاویشت، شوفێرەکەی کەمانچەی تووڕەیی دەژەنی، ئەمیش دەروونی سیخناخ پڕ لەجنێو ببوو، جنێوەکان دەڕژانە سەر شۆستەی پڕ

لەئاپوورەو چەقی ڕێگە پڕ لەگالیسکەو وردە فرۆش و ڕێبوارەکان، بەدەم و چاویاندا دەهاتە خوارێ و، ختووکەیان دەهاتێ و پێ دەکەنین و زوڕنایان بۆ ترەفیك لایتەکان لێ دەدا.

پالەوانەکە تەلی بێ دەنگیی پچڕاندو بەو ئاپوورەی گوت دەوری پاکەت فرۆشێکیان دابوو: (پێم کرابا ئاگر کوژێنەوەم دێناو، هەمو ئەم گالیسکەو وردە فرۆش و ئاردفرۆش و شەکر فرۆشەم پێ دەخوساند، جا بزانم کێ دەیوێرا، توخنی چەقی شارەکە بکەوێت!!).

دڕی بە ئاپوورە داو ماوەیەك بەشەقامە جەنجالەکەی دیکەدا شۆڕبووەوە، کووچەیەك قووتی داو هەلی لووشی، لەدەرگەیەك وەژوور کەوت، ماندوویەتی جلەوی لێ ستاندبوو، قەرەوێلەکە باوەشی بۆ گرتەوە!

فەرمانی دایە کرێکارەکان، شۆفێرەکان، شەڤلۆ و، گرێدەریان ئامادە کرد، ئەندازیارەکان ئامادەبوون، گلابەو عەرەبانەی دووی مەکینەکان ڕیزکران، چەند پۆلیسێك سواری پیکابەکان بوون، بەو بەیانییە زووە ڕوویان کردە شەقامی شار، لەو لاوەیش دوو سێ ئۆتۆمبیلی ئاگر کوژێنەوە بەشاورو شووت لێ دانی بلندەوە گەیشتنە جێ و، لاکەناریان گرت، سەرۆکی پۆلیسی شار بەخۆی و پاسەوانەکانیەوە گەیشتن!

سەرۆکی شارەوانی مایکرۆفۆنێکی هێناو فووی پێدا کرد:

ـ برادەرینە ، خەڵکی شارە خۆشەویستەکەمان، ئێمە لەپێناوی ئێوەدا ئەم کارە دەکەین، ئەم چەقی ڕێگەیە چەقی پایتەختە خۆشەویستەکەمانە ، ڕێگەی هەموومانە ، نابێت کەس داگیری بکات، یاسا بۆ ئۆتۆمبیل و پیادەو ڕێبوارانی تەرخان کردووە ، تکام ئەوەیە هەرکەسەو گالیسکەی خۆی بکێشێتەوەو لەم دەوروبەرە دووربکەوێتەوە ، تا بەر شەپۆلی ئاوو زاری شەڤڵ نەکەوێت.

ئاپوورەی خاوەن گالیسکەو مندالّە وردەفرۆشەکان پەموویان لەگوێی خۆ نابوو ، هیچیان نەدەبیست و لەشوێنی خۆیشیان نەبزووان!

سەرۆکی شارەوانی فەرمانی بەشەڤڵ و ئوتری ئاگر کوژێنەوەکان دا ، شەڤڵ زاری لێ خستە کارو ، نەڕەی ڕۆژە ڕێیەك دەچوو ، کەوتە وێزەی گالیسکەکان، هەر گالیسکە بوو ، بەشەکرو چاو سابوون و میوەو وردەواڵەوە بەرز دەبووەوەو دەچووە گەرووی شەڤڵەوەو لەناو (گەلابە)دا ڕۆدەکرا ، ئاپوورەکە ئەوەی پێکرا هەرکەسەو گالیسکەی خۆی ڕزگار بکات، فڕکان فڕکانێك بوو ، تەپ و تۆز بەردەم ڕۆژی گرتبوو ، شۆستە لەتەماشاکەراندا جمەی دەهات، ئەمجار ئۆتۆمبیلی ئاگر کوژێنەوەکان سۆندە گەورەو درێژەکانیان دەرهێناو ، ئاوە بەتەوژم و تیژەکانیان بەرەڵلا کرد ، لافاو هەستا شەقامەکەی گرتەوەو ، هەر ئاردو شەکرو برنج و چاو

سەوزەو میوە بوو، سەر لافاو کەوتبوو، بەشەقامی لای سینەماکەدا شەپۆلی دەدایەوەو چەند منداڵێکی هێلکەفرۆش بەخۆیان و سندووقە هێلکەوە سەر لافاوەکە کەوتبوون، قووتیان دەخواردەوە، خەریك بوون دەخنکان!

لافاوێکی بێ سنوور هەڵسا، بەشەقامی بەردەم یانەی کۆندا ڕووەو گەڕەکی جووەکان کەوتە ڕێ و گالیسکەو تایەو کەلوپەل و شت و مەکی سەر لافاوەکە دڕیان بەیەك دی دەدا، لەخوارووی شارەوە هەر گالیسکە شکاوبوو لەئاوەڕۆ کەنار دەکەوت.

سەرۆکی شارەوانی هەستی بەبەهێزی خۆی دەکرد، گەز گەز باڵای دەکرد، هەستی دەکرد یاسا سەروەرە، یاسا هەموو شتێکی پێ دەکرێت، دەیبینی باخچەی شارو گۆڕەپانە مەزنەکەو، شەقامەکانی دەوروبەر پاك و خاوێن و چۆڵ و هۆڵن!

بزەی دەهاتێ و دەیگوت: ئەمە شارە، ئەمە پایتەختە، ئەمە یاسایە! هەر یاسا دەتوانێت ئەم سەرکەوتنە مەزنە وەدەست بهێنێت!

پشتی لەخەڵکەکە بوو، ئاوڕی دایەوە، لەدیوی لای سینەماکەوە، ئاپوورەیەك خەڵك بەخۆیان و گالیسکەوە، بەرەو ڕوویان دەهاتن، بەردو بەردەقانێ و کوتەك و هێلکەی پیسیان کردبوونە چەکی دەستی خۆیان،

www.kurdistannet.org
بةكاتي **ناوةندي ئةوروثا** 16-2-2005 22:54

ددانیان جیڕ کردبووەوە، ئاگری تووڕەیی لەڕوویان دەپژاو دەباری، تا دەهات نزیك دەبوونەوە، بەچەکی دەستیان هێرشیان دەهێنا، بەردیان لەسەرۆکی شارەوانی دەگرت، هێلکەی پیسیان بۆ کرێکارەکان فڕێ دەدا، هەر کرێکاربوو بەهەڵەداوان ئەو ناوەی بەجێ دەهێشت و خێرا خۆیان لەئۆتۆمبێلەکان دەپەستاو هەڵ دەهاتن!

سەرۆکی شارەوانی واقی وڕمابوو، دەم و زاری تەرەکیبوو!

ئاپوورەکەی لێ نزیك بووەوەو بەر بەردو هێلکە پیسۆکەیان دا، بەردێك بەر تەوقی سەری کەوت و، چەند هێلکە پیسۆکەیش بەردەم و چاوی کەوتن و چۆڕاوگەیان بەست. پاڵەوانەکە لەوێ زەق زەق سەرنجی دەدا، زاری ببووە تەڵەی تەقیو، چەند هێلکە پیسۆکەیش بەرسەری وی کەوتن، دەستی برد پاکیان بکاتەوە، بەردێك بەر تەوقی سەری کەوت، زۆری ئێش پێ گەیاند، لەئەژمەتدا خۆی راپسکاند لەسەر قەرەوێڵەکە بەر بووەوەو، چاوی کلۆوفاند، لەبن مێچی ژوورەکە ڕستەیەکی خوێندەوە:

چەقی شار.. بێ تەقە گیرایەوە!!

هەولێر 2 -2-1997

مانگی دەستکرد

ساڵ دوو هەزارو دەیە، نووسەرێك بەرانبەر بەکەناڵی (زێڕین)ی ئاسمانی ڕۆنیشتووەو، پەڕتووکە بەرگ ئەستوورە زەبەلاحەکەی دەستی لەسەر مێزەکە داناوەو، قەیتانە ڕەشەکەی لەو لاپەڕەیەدا هەڵکێشاوە، کە گەیشتووەتە خوێندنەوەی و، ڕووداوی ناو پەڕتووکەکە بەسەرهاتی لەناوچوونی ئەمپراتۆریەتی بەردین دەگێڕێتەوەو، چۆن شاری (نەزۆك) بەر شاڵاوی هێرشی شێر بەدەستەکانی دوژمن کەوت و، چۆن مندالّە ساواو بەرمەکەکانیان لەدایکان کردو، ژنە زوڵف شۆڕەکانیان لەبەرداو، پیاوەکانیشیان قۆڵ بەست کردبوون و، مەڕو ماڵاتەکانیشیان بەرەو ڕۆژهەلاّت کردبوونەوە!!

ئەم نووسەرە، بەدەگمەن پەردەی تەلەڤزیۆن سەرنجی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، ڕێکەوت وای کرد، پل بەدوگمەی کەناڵی (زێڕین)دا بنێت و، گوێی لەبێژەرەکە بێت بەوپەڕی شادی و بەبزەو زەردەخەنەوە بەبینەران ڕابگەیەنێت کە شەوچەرەی ئەم شەویان لەگەڵ شاعیرێکی

ئاوارەی دوور وڵاتدا دەبێت و، نمرەی تەلەفۆن بەبینەرانی شارەکانی وڵات ڕادەگەیەنێت، بەتەلەفۆن پرسیار لەشاعیری بلیمەت و خاوەن ئەزموونی دوورو درێژ بکەن و گوێ لەوەڵامە بەپێزو داهێنەرەکانی بگرن!

لەستۆدیۆی کەناڵی تەلەفزیۆندا، بێژەر لەسەر کورسییەك ڕۆنیشتووەو مێزێکی لەبەردەمدایە دۆلکەیەکی پڕ ئاوو پەرداخێك و چەند ئامێرێکی تەلەفۆن و فاکسی لەسەرەو، پەردەیەکی تەلەڤزیۆنیشی لەلاڕاستەوەیە، لەستۆدیۆیەکی دیکەی تەلەڤزیۆنی لەشاری (گردێ)وە شاعیری دوورە وڵات لەسەر کورسییەك ڕۆنیشتووە. مێزێکی درێژی لەبەردەستدایە، پەردەیەکی تەلەڤزیۆنیی لەتەنیشتەوەیە، کە بینەر بەتەلەفۆن دەتوانێت قسەی لەگەڵ بکات و، گوێی لەوەڵامەکەی ببێت. جگە لەئامێرێکی تەلەڤزیۆن کە کاکی بێژەرو شاعیر تەماشای دەکەن، خۆیانی تێدا دەبینن. لەستۆدیۆی یەکەمدا چەند کامێرایەکی تەلەڤزیۆنی و لەستۆدیۆی دووەمدا چوار کامێرای تەلەڤزیۆنی دانراوون، لەستۆدیۆی یەکەمدا کامێراکان ڕوو لەبێژەرن و لەدووەمیشدا چوار کامێراکە لەچوار شوێنی جیاجیاوە ڕوویان لە شاعیرە.

دوو سێ بوتڵی سپی و چەند پەرداخ و چەند قاپی مەزەو زەلاتەو گۆشت و جەرگ و گورچیلەی برژاویش لەناو قاپدا لەبەردەم شاعیردا لەسەر مێزەکە دانراوون!!
بێژەرەکە پێش ئەوەی بینەران پرسیار بکەن، وا بەباش دەزانێت چەند پرسیارێك لەشاعیر بکات، دەفەرموێت لەبەرئەوەی شاعیری ئەم شەومان ئەوەند ناسراوە پێی ناوێت لەکورتەی ژیان و لەخەرمانە دیوانەکانی بدوێین، یەکسەر دەچینە نێو شەو چەرەکەمانەوەو لێی دەپرسین:
ـ کاکە گیان، بەڕای تۆ مەی نۆشین چ پێوەندییەکی بەشیعرەوە هەیە؟!
شاعیری دوور وڵات، لەستۆدیۆکەوە پەرداخەکەی بەرز دەکاتەوەو تا نیوەی هەڵدەدات و، دایدەنێتەوەو، مڵچە مڵچێکی بۆ دەکات، بە پالێمی (پایین)ی قۆڵی چاکەتەکەی لێوی دەسڕێت و، دوو سێ کەوچك مەزەو زەلاتەیش بەو دیودا دەکات و، مژێك لەجگەرەکەی دەدات و، چاویلکە خوارەکەی ڕاست دەکاتەوەو دەست بۆ بۆینباغەکەی دەبات و ئەم جار دەڵێت:

ـ ئەوەی ڕاستی بێت، تا ئێستە پرسیاری قورسی لەو جۆرەم لێ نەکراوە، تۆ دەتەوێت تاقیم بکەیتەوە، یان دەربارەی خەرمانی دیوانەکان و سەرگوزەشتەم پرسیارم لێ بکەیت؟

هەر چۆنێك بێت، من وەڵامت دەدەمەوە.

بەلای منەوە مەی ڕەگ و ڕیشەی شیعرە، شیعرەکانم لەناو بەرمیلێك مەیدا دەشۆمەوە، پاشان هەڵیان دەهینجێنم. نایانبینیت بۆنی (مەی)یان لێ دێت؟ لای من مەی ڕووبار بووایە هەموو ساڵێك خۆمم تێدا دەشوشت بەمەلەوانی ئەم کەنارو ئەو کەناریم دەبڕی و تێیدا قووتم دەخواردەوە!! زەریا بووایە دەبوومە ماسی و هەڵم دەلووشی!! بۆئەوەی هەر شیعری ڕەسەنی لێ هەڵێنجێنم و بۆن و بەرامەی بەلووتی خوێنەراندا بدەم!

مەی لەشیعرەو شیعر لە مەی!! بۆیە پێوەندیی هەردووکیان بەلای منەوە ژیانەو ژیانیش بێ هەردووکیان مردنە!!

بێژەر پرسیارێکی دیکەی بۆ ئامادە دەکات: باشە لەم بزووتنەوە نوێخوازییەدا هیچ شاعیرو ڕەخنەگرو نووسەری دیکەت لەگەڵ نەبوو؟

پێش ئەوەی شاعیر وەڵام بداتەوە، پەرداخە مەیەکەی تەواو فڕ دەکات و، شیشە گۆشتێك هەڵدەگرێت و، دانە دانە قاژە گۆشتە برژاوەکانی لەدەو

دەنیێت و، کاکی بێژەر لەم لاوە خۆی پێ ڕاناگیرێت لیك لەدەمی ڕێچکە دەبەستێت و، بەبەرچاوی بینەرانەوە کلینیکسێك دەردێنێت و، دەمی خۆی دەسڕێت.

شاعیری دوور وڵات شیشە بەتاڵەکە دادەنێتەوەو، بەچمکی چاکەتەکەی دەمی دەسڕێت و بەنرخە نرخ دەڵێت:

ـ ببورە.. دەمویست شیشە گۆشتەکانی دیکەش بەتاڵ بکەم!! تا شەوچەرەی ئەم شەومان بەلەزەت تر بێت!!

پرسیارەکەت پێویست بە وەڵامێکی دوورو درێژ دەکات.. ئەو ڕێڕەوی نوێخوازییەی من.. تەنیا هی خۆمەو خۆم دامهێناوە!! کەسم دەگەڵ نەبووە!! کوا کام شاعیر داهێنانێکی وەك چامەی (هێلکەی دووگیان)ی گوتووە!! کام شاعیر چامەی (نانی نەخوراو)ی گوتووە!!

کام شاعیر وێنەی (دڕکە زێ سك پڕەکان)ی داهێناوە!! کاتێك من ئەو نوێخوازییەم داهێنا، شاعیرەکان هێشتە لەناو دۆشەکی سەروای سوادا پڕخەیان دەهات!! کەس بێدار نەبوو تەنیا خۆم و پەرداخەکەم و بوتڵی مەی نەبێت!!

بێژەر لەبەرخۆیەوە دەڵێت:

ـ دەك ماڵی درۆت وێران بێت، بۆ خۆت و ڕاستیت، خۆ خەریکە ستۆدیۆکەمان بەسەردا داڕووخێت!! ئەی ئەوە نەبوو شاعیرانی شاری (زێ) و شاری (ڕێ) پێش تۆ شیعرە نوێیەکانیان دەگوت و بڵاودەکردەوەو، چەندین کۆڕیان لەمەڕ دەگێڕاو لەپەردەی تەلەڤزیۆنی شاری (زێ) وە بڵاویان دەکردەوە، تۆیش لەشاری (گردێ) لاقی نووستنت لێ ڕاکێشابوو!!

زڕەی تەلەفۆن دێت و بینەرێك و دوو بینەرو سێ بینەر پرسیاری خۆیان دەکەن. شاعیر دەست ڕادەوەشێنێت و کەف دەچەرێنێت و مەزەی هەمەڕەنگ بەو دیودا دەکات، پێش ئەوەیش پەرداخە مەی هەڵ دەدات و لەوەڵامی پرسیارێکدا دەڵێت:

ـ بێ من شیعر کۆچ دەکات، زوڵفەکانی دەپتورکێن، چاوەکانی لێڵاییان دادێت، سەرواکانی بزر دەبن، بێ من شیعر بەلادا دێت و، بەدەستی شاعیرە نەزانەکانەوە گۆڕی بۆ هەڵ دەکەنرێت!! کەواتە من هەبم شیعر دەبێت!! کە من نەمام فاتیحەی شیعر دەخوێنرێت!!

لەم کاتانەدا بینەرێك پرسیارێك دەکات: ئایە ڕای شاعیر دەربارەی چارەنووس و خاك و شیعری پاشەڕۆژ چییە؟

شاعیر دەیەوێت وەڵام بداتەوە، لەپڕ وێنەی شاعیر لەسەر پەردەی تەلەڤزیۆنی لای دەستە ڕاستی بێژەرەوە نامێنێت.

بێژەر هەڵ دەداتێ:

ـ بینەرە بەڕێزەکان.. داوای لێبوردن و پۆزشتان لێ دەکەین، وابزانم هەڵەیەکی تەکنیکی ڕووی داوە. هەڵەکە چاك بکرێتەوە..

شەوچەرەکەمان تا سەر بەردەوام دەبێت!

کەچی چەند خولەکێك بینەران واقیان وڕ دەمێنێت و، چاو دەچەقێننە دیمەنە ڕاوەستاوەکەی سەر پەردەی تەلەڤزیۆنەکە. لەپڕ بێژەر دووردەکەوێتەوە:

ـ بینەرە خۆشەویستەکان.. دیسانەوە داوای لێبوردن و پۆزشتان لێ دەکەین، کە ناتوانین شەوچەرەکە تەواو بکەین، چونکە هەر ئێستە ئەم هەواڵە بەپەلەیەمان لەکەناڵی (بی بی ئێن)ەوە پێ گەیشتووە. ئەو مانگە دەستکردەی ڕاستەوخۆ شەوچەرەکەی دەگواستینەوە، ئاودیوکرا.. ببوورن ئاودیوکرا!!

هاوینی 1996

كەروێشک

لەمامۆستاکەتەوە بیستبووت کە کەروێشك گیانلەبەرێکی شوومەو، لەڕێ و باناندا تووشی بەتووشی مرۆڤەوە بێت هێمای نەگبەتی و ڕووداوی خراپ دەگەیەنێت. لەپاڵ ئەوەیشدا کەروێشك نیشانەی زاوزێ کردنی زۆرو سێکس و ئارەزووی سێکسی دەگەیەنێت، ئەگەرچی چل ڕۆژ جارێك دایکانەو باوکانەی ئەم گیانلەبەرە جووت دەبن، بەڵام هەر دایکانەیەك لەچوار بێچوو تا سێزدە بێچوو، بگرە زۆرتریش بەیەك سك دێنێت! لەناو خەڵکیشدا باوە کە گۆشتی کەروێشك دەخورێت و، هەندێك کۆمەڵە خەڵکی دیکەیش هەن گۆشتی کەروێشك ناخۆن، چ کەروێشکی ماڵی، یان چیاو دەشت و بیابان بێت، بیانووی ئەوە دێننەوە ئافرەت ئاسا سکی پڕ دەبێت، بگرە بیانوویەکی سەرسوڕهێنەریش قوت دەکەنەوەو شێوەی گوێ درێژیی ئەم گیانلەبەرە بەگوێ درێژیی (گوێ درێژ)ەوە دەبەستنەوەو ناوەکەی وا لێك دەدەنەوە (کەرگوێچك) بووبێت و، وردە وردە بووبێتە (کەروێشك) بۆیە (بێز) لەخواردنی گۆشتی ئەم

گیانلەبەرە بەستەزمانە دەکەنەوەو دەڵێن لەکاتی سەربڕینیشدا دەقیژێنێت و وەك دایکی جەرگ سووتاو هاوار دەکات، لەخۆڕا ئەو گۆشتەی لەخەڵك بێ بەش دەکەن، کە ئەگەر لەناو ڕۆندا سووربکرێتەوە لەگۆشتی مریشك و قەل جیا ناکرێتەوە.

بۆ ئەم مەبەستەو، بۆئەوەی بەهۆی نالەباری باری ئابووری و کەم دەرامەتی و ئابلۆوقەی چەندین لایەنەوە، کە کارێکی وای کرد ساڵی جارێکیش نەتوانن گۆشت بکڕن و، گۆشت بخۆن و، گۆشتاویش فڕ بکەن، دۆست و برادەران بیرۆکەیەکی باشیان دانێ، کە بڕێك کەروێشك بەخێو بکەن و، سووچێکی باخچە بچووکەکەی بۆ تەرخان بکەن و، لەئەنجامی زاوزێوە تێر تێر گۆشتی سوورکراوەی نێو ڕۆن بخۆن و بین و تینی چاوتان بەهێزتر بکەن. بەپەلە ویستت ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکەیت، ناسیاوێك جووتێك کەروێشکی مێینەی پێ بەخشین، بەدوای نێرینەیەکدا دەگەڕایت.

لەسەردانێکی ماڵی خوشکەکەتدا، کە لەگوندێکی دووری ئەو پێدەشتەی ئەو لاوەن نێرینەیەکی گەنم ڕەنگی و مێینەیەکی ڕەش و سپیت پەیداکرد. لەناو کارتۆنێکدا بەو گەرمای هاوینە گەیاندنتە شارو چوار کەروێشکت لەسووچێکی باخچە بچکۆڵەکەدا بەرەڵڵا کرد.

قۆرتێکت هەڵکەندو، جۆرە هێلانەیەکی کونجاوت لەژێر دارتووەکەدا دروست کرد، بۆ گیاو گۆڵەیش، لەبازاڕ سەوزەو تەڕەتوولەو کەرەوزت دەکڕی و، دەتهێنایەوەو دەرخواردی کەروێشکەکانت دەدا، بەیانیان سەر لەزوویش بەگونیەیەکەوە دەچوویتە ناو گۆڕستانەکەی نزیك بەگەڕەکی ئەولاتانەوەو گونییەك گیاو گۆڵەت دێناو یەك دوو ڕۆژ خۆراکی کەروێشکەکانت دابین دەکرد ،سەرەڕای پاشماوەی زۆرکەمی ئەو چێشتە کەمەی هەفتەی جارێك یان دووجار لێتان دەناو دەمایەوە، جگە نانە ڕەقە، کە هەردوو کەروێشکی ناسیاوەکەت باش فێری خواردنی ببوون.
ئەم هەوڵ و کۆششەت بۆ ئەوەبوو چوار کەروێشکەکە زاوزێ بکەن، بێچووەکان گەورە بن، سەریان ببڕیت، گۆشتەکەیان سووربکەیتەوە، خۆت و منداڵەکانت لەم بێ گۆشتییەدا تێر گۆشت بخۆن.
زانیاریی زۆرت لەبارەی کەروێشکەوە پەیداکردبوو، کاتی خۆشی یەکەمین جار ئاشنایەتیت لەگەڵ کەروێشکدا پەیداکرد، خۆیشت سەرت لێ سوڕدەمێنێت. بەرەو کێڵگەکانی خاڵوانت دەچوویت، لەگوندەکەوە بەتەپۆڵکەو بەرزاییەکاندا هەڵ زنایت، بەبانە پان و پۆڕەکەدا تێپەڕیت و، بەرەو دەشتاییە نزمەکە شۆڕ بوویتەوە، بەهارێکی ڕەنگین بوو، دەغڵ و دان و گیاو گۆڵە ئەو دەشتەیان شین کردبوو، لەپڕ

لەناو کێڵگە گەنمێکدا کەروێشکێکی زل سڵەمییەوەو بەبەر چاوتەوە دەرپەڕی و بەناو دەغڵ و دانە تازە شین بووەکەدا لەچاو بزر بوو.
هەر ئەو ماوەیە ئامۆزای باوکت سەری لێ دان و، لیپۆشێکی لێ بەشاندا کردو بەرەو ئەو چۆڵەوانییە لەگەڵ تۆو باوکتدا، بۆ ڕاو، بەڕێ کەوتن.
لەدۆڵێکدا کەروێشکێکی زلتان هەڵساند، ئامۆزاکەی باوکت نیشان شکێنێکی دەست ڕاست بوو، بۆی دانیشت و هەرکە تەقەی کرد، کەروێشکەکە لەو دوورەوە لنگاو قووچ لێی کەوت، پڕتان دایەو گەیشتنە سەری و، بەو چەقۆیەی پێتان بوو سەرتان بڕی. کاتێك بەرەو ماڵ بوونەوە، دایکت کەروێشکەکەی بردە سەر کانیی گوندو لەوێ پاکی کرد. بۆی گێڕانەوە کە کەروێشکەکە دایکانە بووەو (نۆ) بێچووی لە سکدا بووە. ئیدی لەوکاتەوە دەتزانی کەروێشك تەنیا گیانلەبەرێکە بەیەك سك ژمارەیەکی زۆر بێچووی دەبێت.
شوومی و نەگبەتی کەروێشك تاقی کراوەتەوە، مامۆستاکەت دەیگێڕایەوە کە لەگوندەوە، لەگەڵ ژمارەیەك قوتابیانی پۆلی شەشدا بەرەو مەڵبەندی قەزا دەچن، بۆ تاقیکردنەوەی بەکەلۆریا، لەڕێگە

کەروێشکێکیان تووش دەبێت، کە تاقیکردنەوە تەواو دەکەن و، دواتر ئەنجام دەردەکەوێت، دەبینن تەنیا قوتابیەکیان چییە سەرنەکەوتووە.
هەموو ئەو بیرە کۆنە ورووژاوانەت پشت گوێ خست و، بەوپەڕی ئارەزوومەندییەوە، چاودێری کەروێشکەکانت دەکرد.
ڕۆژێکیان هاتیتەوە خێزانەکەت پێی ڕاگەیاندیت کە یەکێك لەکەروێشکەکان خەریکی پەڕۆ پاتاڵ بردنە کونەوەیە، ئەو گیانلەبەرە بۆئەوە پەڕۆو پاتاڵ دەباتە کونەوە بۆئەوەی کە بێچووی بوو بکەوێتە سەر ئەو پەڕۆیانەو لەناویاندا گەورە ببێت.
پاش چل ڕۆژ بێچووی دەبێت و، دێتە دەرەوە، باوکانەکە بۆنی پێوە دەکات و، دەست بەجێ کاری خۆی لەگەڵدا ساز دەدات و جووت دەبن، ئیدی تا چل ڕۆژی دیکە توخنی ناکەوێت.
ماوەیەك ئاوی چاوی چاوەڕوانیتان داهات، لەپڕ ڕۆژێك بێچووە کەروێشکێکی ڕەش و سپی هاتە دەرەوە، پاشان بوو بە دوو، بەسێ، بەحەوت بێچووە کەروێشك، دانەیەکی سپی جوانیان تێدابوو، دراوسێ و ئەوانەی دەیانبینی دڵیان لێ دەچوو.

کەروێشکیش مێملێ هەیە، ئەویش پشیلەیە. بۆرە پشیلەیەکی زل فێری کەروێشکەکان بوو، سەرەتا ئەو بێچووە سپییەی خوارد، بەدوایدا گەڕایت، پاشماوەکەیتان لەبن دارە تووەکەدا دۆزییەوە.
بێچووەکان نەیان دەتوانی لەباخچەکەدا مڵ و مووش بکەن لێیان پەیدادەبوو دەیقەپاندن. تۆیش کەوتیتە چاودێری بۆرە پشیلەو چەند بێچووە کەروێشکتان پێ گەیاند، باوکانەکە لەناو ئەو ڕەوە بێچووانەدا دوو دانەی ڕاودەنان، ڕێی نەدەدا لەکون بێنە دەر، پاشان زانیتان ئەو دووانە نێرینەن و، کەروێشک ڕێ نادات لەنێرینەیەك پتر لەناو ڕەوە کەروێشکێکدا هەبێت!!
جارێك، دووجار. دوو سێ لەو بێچووانەتان سەربڕی و، لەبەر قسەو قسەلۆکی خەڵکی و بێزهاتنەوە لەخوێن و زاوزێی کەروێشك و (گوێ)ی درێژی کەروێشك، لەناو ڕۆندا سوورتان دەکردەوەو، بەقێزو بێزەوە، دەتانخوارد، بەڵام چێژی لەچێژی گۆشتی مریشك کەمتر نەبوو!
کیژێکی ناسیاوتان، کە لەکۆلێژ دەیخوێند، لەگەڵ دەستە خوشکێکیدا ڕێیان کەوتە ماڵتان، نیوە ڕۆژەیان نەکردبوو، بەخۆیان چێشت و گۆشتیان گەرم کردەوە، تێرو پڕیان خوارد. پاشان دەست بەباسکردنی خۆشی و بەچێژی گۆشتی کەروێشك کرا. لەو مشت و مڕەدا سوێندیان

خوارد كه گۆشتی كەروێشكیان نەخواردووەو، بەتامەزرۆوەن بیخۆن.

ئێوەیش پرسیتان:

ـ ئەی ئەو گۆشتەی نیوەڕۆ خواردتان چی بوو؟

ـ ئەوە گۆشتی مریشك بوو!!

ـ مریشكی چی! ئەوە گۆشتی كەروێشك بوو.

بەخوا ئەوەندە خۆش بوو، چێژی هەر تەواو نابێت.

حەزدەكەم ڕۆژێكیان بچمە بازاڕو كەروێشكێك بكڕم و بەو شێوەیە بۆمان سوور بكەنەوە.

تا دەهات ژمارەی بێچووە كەروێشك زۆرتر دەبوو، تۆیش شانت لێ بەلادا كردبوو، لەلایەك گۆشتی كەروێشك، لەلایەكی دیكەوە پاسەوانی كردنی بێچووەكان لەپشیلە بۆر، كە پڕی دایە دانەیەكی دیكەو، بەسەر دیواری دراوسێكەتاندا ڕفاندی و دادو هاواری ئەوان و منداڵەكان سوودیان نەبوو.

یەكێك لەدایكانەكان بێچووەكانی بەخێو نەدەكرد دەتویست بیخەیتە كونەوە شیریان بداتێ، لەكوندا مردار بووەوە، یەكێكی دیكەیشی لەگەڵدا مردار بووەوە، كە حەوت بێچووی لەسكدا بوو.

دار تووەکەتان لەتەنیشت دیواری باخچەکەوە ڕووەو ئاسمان هەڵزنابوو، پشیلە بۆر خۆی پێدا شۆڕ دەکردەوەو بەناو ئەو هەموو داوو تێڵبەندانەی دروستان کردبوو خۆی دەگەیاندە بێچووەکان. ئێوارەیەك زیکەی لێ هەڵساندن، بەدەم زریکەوە پڕتان دایەو لەناو لقی دار هەنجیرەکەی ئەم لاوە دەستت لەبینەقاقەی پشیلە بۆرنا، کە لاقی بێچوویەکی بەدەمەوە بوو دەیزیکاند، توند توند قوڕگت گرت. بێچووەکەت لەدەم دەرهانی. لاقی شکابوو. پاش دوو ڕۆژ مرداربووەوە.

دارکارییەکی باشی پشیلە بۆرت کرد، گونیەکت هێناو لەناو گونیەت پەستاندو، لەژێر مەنجەڵێکی گەورەت دانا، تا سبەینێ لەوپەڕی شارەوە بەرەڵای بکەیت و، بەوناوەدا نەیەتەوە.

دەڵێن پشیلە کوشتن دەبێتە هۆی کارەساتی دڵتەزێن بۆ ئەو کەسەی بیکوژێت. بەڵام تۆ نیازی ئەوەت نەبوو پشیلە بۆر بکوژێت. گوێت لێ بوو لەژێر مەنجەڵەکەوە مرخەمرخی دەکرد. کە ڕۆژ بووەوە سەری مەنجەڵەکەت هەڵدایەوە پشیلەکە گیانی سپاردبوو.

خۆت و خێزانەکەت نیگەران بوون، بەتایبەتی خێزانەکەت دەترسا منداڵەکان شتێکیان بەسەربێت. هەر پرتەو بۆڵەی بوو.

بۆ ئێوارە هاتیتەوە دیتت هەر پێنج منداڵەکەت لەرزوتا گرتوونی و لەناو جێگەدا ڕاکشاون و، پرتەو بۆڵەی خێزانەکەت سەرو دڵ و دەروونی گرتیت. بڕیارتان دا هەرکە منداڵەکان چاك ببنەوە، چی کەروێشك هەن، بەدایکانەو باوکانەوە سەر ببڕن.

لەدڵی خۆتاندا گوتتان:

ـ ئەمەیش بەزمی ئابلۆوقەو بێ گۆشتی و ئەوەیش بەزمی کەروێشك و گۆشتی کەروێشك بوو!

هەولێر15ـ 8 ـ 1998

دراوسێ

زۆر جارم لێ بیستبوو سکاڵای لەدەستی دراوسێکەیان دەکرد،
ڕۆژێکیان پێکەوە لە باخچەی قوتابخانەدا دانیشتبووین ویستم زۆرترم
لەبارەی دراوسێکەیانەوە بۆ بدوێت، لێم پرسی:
ـ ئێستە لەگەڵ دراوسێکەتاندا چۆنن؟
سەرێکی بۆ لەقاندو ئەسپی وشەی لێ تاوداو گوتی:
- خانووەکەمان لەنێوان شەقامێکی گشتی و
گەڕەکێکیکوردەواریدایە، کۆڵانەکەمان ڕووەو دیواری فێرگەیەکە،
لەناو جەرگەی شاردایە، نزیك بەبازاڕو شوێنە گشتییەکانە، هەراو
هۆریای هات و چۆی ئۆتۆمبێل ڕۆژو شەو هەراسان و بێزاری کردووین،
لەپاڵ ئەوەیشدا زیل و بەمی فێرخوازان و هەرای فرۆشیارە گەڕۆکەکان
سەری ئێشاندووین.
ـ مەبەستت لەم زانیارییانە چییە؟

ـ تا ڕوونی کەمەوە کە ئەوانەی باسم کردن کار لەڕەوتی ژیانی ڕۆژانەمان ناکەن و، بوونەتە شتێکی ئاسایی و لێیان ڕاهاتووین.

ـ باشە سکاڵاتان لەچی هەیە؟

ـ ڕیزە خانووەکانمان لەپێنج خانووی یەك نهۆمی پێکهاتووە، خانووەکەی ئێمە لە ناوەڕاستی ئەو چوار خانووەکەدایە، دوو دەرگە کەوتوونەتە لای ڕاست و دوو دەرگەیش کەوتووەتە لای چەپمان.

دراوسێکەی مەبەستتە، دراوسێی دەستە چەپمانە، دراوسێیەکە، لەوکاتەوە بووینەتە دراوسێیان زۆر کەم پیاوەکەیان دەبینین، بەیانیان زوو لەماڵ دەچێتە دەر، درەنگانێك دێتەوە، خەڵك لەشیرینیی خەودا بن، بۆیە شێوەو ڕەنگیمان لەیاد چووەتەوە.

ـ باشە دراوسێکەتان هەر تەنیا خۆیەتی؟

ـ ئەم دراوسێمانە ژنێك و شەش مندالی هەیە، چوار کوڕو دوو کچ. دەڵێن ژنەکەی بەدڵداری خواستووە. کاتی خۆی ئەوەند جوان بووە دەتگوت مانگێکە بۆ خۆی ئەو ناوەی ڕووناك کردووەتەوەو، ئافرەتانی گەڕەك وای باس دەکەن کە ژیرو سەلارو ڕەوشت جوان بووەو سوێندیان بەسەر خواردووە.

دەڵێن ئەو ئافرەتە سەلارو ژیرە، پاش ئەوەی یەکێك لەمنداڵەکانی دەبێت، تووشی پەرکەم دەبێت، دەپەڕێتە سەری، تێك دەچێت، ئیدی لەو ڕۆژەوە چارەسەر نامێنێت بۆی نەکەن، سەری لەکارەبا دەدەن، ئەم پزیشك و ئەو پزیشکی پێ دەکەن، تادێت ڕووەو تێکچوونی زۆرتر دەچێت. لەم ماوەیەدا کە ئێمە بووینەتە دراوسێیان زۆرشتمان لێ دیوە.

جارێکیان هەرچی ناوماڵەیان هەبوو فڕێی دانە دەرەوە.

جل و بەرگ و کەل و پەل و قاپ و قاچاغ فڕێ درانە ناو کۆڵان.

هەرکەسە دەهات و شتێکی هەڵ دەگرت و دەیبرد.

ڕۆژێکی دیکە چی کەل و پەلی منداڵەکانی هەبوو هەمووی فڕێ دایە ناو کۆڵان و هەندێکی دیکەی شیتاڵ شیتاڵ کرد. ئێستە بچیت تەماشای ناوماڵیان بکەیت هیچ نابینیت، ماڵێکی ڕووت و قووت و ڕەجاڵ. تەنیا چەند دەستە پێخەفێکی شڕو هوڕو هیچی دیکەیان نەماوە. نازانم چۆن شیو دەکەن و چا لەچیدا لێ دەنێن و چۆن خۆ دەشۆن و لەسەرماو گەرمادا چۆن دەژین؟

ئەوساکە پیاوەکە هەموو جۆرە خواردن و خۆراکێکی بۆ دابین دەکردن، لەهیچیان کەم نەبوو. ماوەیەکە دەستی لێ شوشتوون.

هەتاو هەڵنایەت دەچێت، پاش نیوەشەوێکی درەنگ دێتەوە، ئاگەی لەژن و دوو منداڵە بچووکەکەی نییە، چی دەخۆن؟ لەکوێ نان پەیدا دەکەن؟ تەنیا ئاگەی لەسکی خۆیەتی چی دەردەکات لەسەر مێزی خواردنەوە بەبایدا دەدات و بەسەرخۆشی دێتەوەو لەناو پێخەفێکی شڕدا تا بەیانی ئاگەی لەخۆی نامێنێت.

سبەینان دەڕوات و هەمان شێو تا شەوی درەنگ ئاگەی نە لەماڵ. نە لەژن. نە لەکوڕو نە لەکچ نییە.

ـ باشە دوو کوڕو کچەکەی دیکەی لەکوێن؟

ـ دوو کوڕەکەیشی لەفێرگە دەرهێناوە، لەلای فیتەر ئیشیان پێ دەکات، کچەکەیش ماوەیەکە چووەتە ماڵی (مامی)، دەڵێن بەمێردیان داوە.

تەنیا ژنەکەی و کوڕێکی گۆجی بچکۆڵەو کیژێکی هەشت نۆ ساڵانی لەماڵەوەیە. زۆرجار ژنەکە دەکاتە سەربان و تا ئێوارە بەبەر سەرماو سۆڵە یان لەبەر گەرماو هەتاو لەو سەربانە نایەتە خوارەوە. زۆرجاریش شتێکی بەرز لەژێر پێ دادەنێت و تەماشای کۆڵان دەکات، کوڕو کاڵی گەڕەك و فێرخوازەکانی فێرگە نزیکەکە گاڵتەی پێ دەکەن. کە

مێردەکەی بەوەی زانی هەڕەشەی لێ کرد ، چیدی لەو ڕۆژە ژنەکە دەنگی هەبوو ڕەنگی نەبوو. لەماڵەوەیە کەس نایبینێت.

ئەو زستانەی هات و چۆو، ئەو ئافرەتە بەو سەرمایە لەو سەربانەی بەسەر برد ، مێردەکەی نە ئازووقەیەك نە خۆراکێکیان بۆ ناکڕێت، مەگەر جەژن بە جەژن شتێکیان بە قورگدا بکات.

ـ ئەی چۆن دەژین؟

ـ کیژە هەشت نۆ ساڵانەکەی ڕۆژ نییەو ژەم نییە دووقاپ بەدەستیەوە نەبێت، ئەم ماڵ و ئەو ماڵ دەکات، شیو، نان، خۆراك، سەوزە، میوە، بگرە ڕۆن و شەکرو چا لەو دراوسێیانەی ئەم لاو ئەولا بۆ دایکی و بۆ خۆی نەهێنێت. کوڕێکی دیکەیان دێتەوە ئەگەر شیو نەبێت دەرگەکە بەر بەرد دەدات، تا خوشکەکەی دەچێت لەو دراوسێیانە ژەمێك خواردنی بۆ پەیدا دەکات.

کوڕە گۆجەکەیشی کە تەمەنی سێ ساڵ دەبێت، بەمنداڵی بردیانە لای پزیشك چارەسەری بکات، پزیشك ئاگەداری کردن لەشەش مانگیدا بیبەن چارەسەری بکەن، بەڵام باوکەو دایکە پشتگوێیان خست. کە ئەو منداڵە ببینیت دڵت پێ دەسووتێت. قژ زەردێکی جوان بە ئیفلیجی لەبەر دەرگە بەزەوییەوە لکاوەو تەماشای ئەو منداڵانە دەکات کە یاری

دەکەن و ئەو ناتوانێت هاریکارییان بکات. لەدڵی خۆیدا سەرزەنشتیی باوکی دەکات کە خەمی چارەسەری نەخوارد. دەڵێن ئەو ئیفلیجییەی زگماکییە، دایکی کە ئەوی لەسکدا بوو چیچکانێ دادەنیشت و ئەو بەستەزمانەیش لەسکیدا نەیتوانیوە پەل و پۆ بهاوێت تا وای لێ هاتووە.

ـ باشە چۆن لەو دراوسێیە دەگەن؟

ـ سەرمان لەو دراوسێیە سوڕماوە، چۆن ئەو خێزانەی واپشت گوێ خستووە؟ ئاگەی لێ نییە چی دەخۆن؟ چۆن دەنوون؟ چی لەبەردەکەن؟ تۆ بڵێیت ئۆباڵی ئەو خێزانە بە ئەستۆی کێ بێت؟

ـ بە ئەستۆی کێ بێت؟ ڕوون و ئاشکرایە لەئەستۆی باوکەکەدایە؟ هیچ شتێکی دیکەیان سەرتان لێ سوڕما بێت؟

ـ تەنیا شتێك مابێت، ئەوەیە کە تەنانەت شوێنی دانیشتن و ئاودەستیان نەماوە. لەباخچەکە دادەنیشن و بەیانیان پاشماوەکەیان فڕێ دەدەنە جۆگەڵەکەی کۆڵان.

بۆن و بەرامەی پیسی لەوناوە بەردەدەن.

ئێمەیش بەدەستیانەوە گیرۆدە بووینە. تۆ بڵێیت کەسێکی دیکە دراوسێی وای هەبێت و خۆی لەو ڕەفتارو هەڵس و کەوتە ناشیرینانە هەڵنەقورتێنێت؟

خوا یارمەتیتان بدات. چۆن بە دەستی دراوسێیەکی واوە خەریك ماون و ناتوانن بەردێك لەشوێنی خۆی بجووڵێنن و چەند وشەیەك بەگوێی کەسانێکدا بدەن، کە پێویستیان بەوەیە گوێ لەوشەی ڕاست و دروست بگرن.

19ـ 8 ـ 1993

www.kurdistannet.org
بەكاتي ناوەندي ئەوروپا 16-2-2005 22:54

سالاری خۆشنووس!

جانتاکەی لەپرسگەی ئوتێلەکە داناو بە بەردەستەکەی ئوتێلەکەی گوت:

ـ کاکە گیان شوێنتان هەیە؟

ـ بەڵێ، چەند کەسن؟

ـ تەنیا خۆمم!

ـ باشە زەحمەت نەبێت، ناسنامەکەم نادەیتێ.. ناوت بنووسم!

ناسنامەکەی پێ داو، لەژووری ژمارە (104)دا ناونووسی کرد، کلیلەکەی دایە، ئەمیش جانتاکەی هەڵگرت و بەسەر کەوت و، بەڕێڕەوەکەدا گەیشتە ژوورەکەو دەرگەکەی کردەوەو بەژوور کەوت، پاش ئەوەی جانتاکەی لەژوورەکە داناو خۆی گۆڕی، ژووری بەجێ هێشت و دەرگەکەی کلۆم کرد، هاتە خوارەوەو کلیلەکەی دایەوە بەردەستەکە، هەنگاوەکانی بەرەو شۆستەی پڕ لەئاپوورەی شەقامەکانی برد. لەبەردەم کۆگەو موغازە ڕازاوەکاندا پیاوو ئافرەت و کیژو کوڕان هاتوچۆیان دەکرد، گلۆپی دارتێلە بەرزەکان دڕیان بەتاریکی سەر لەئێوارە دابوو

هەنگاوی هەڵهێنا.. سەری بە مەیخانەیەکدا تەقییەوە، خۆی پێداکرد، لەسووچێکی نیوچە تاریکەوە، لەسەر مێزێکی تەریك ڕۆنیشت.
بەردەستەکە هات و لێی پرسی (فەرموو.. چیت بۆ بهێنم؟) بەچەند وشەیەك داواکانی تێگەیاند.
پاش ماوەیەکی زۆر کەم، سەر مێزەکە بەبوتڵ و مەزەی جۆراوجۆر ڕازایەوەو، تا دەهات بوتڵەکان دەزان، ئەویش تا دەهات جڵەوی هۆشی لەدەست دەدا.. ماوەیەکی زۆری پێ چوو، هەموو بوتڵەکانی چۆڕ بر کرد.. لەسەر ئەسکەمیلیەکە لەتری دەبرد.
بۆیەکەی گازکردو، پارەی خواردنەوەو مەزەو خواردنی سەر مێزەکەی دا، بەلەتر بردنەوە مەیخانەی بەجێ هێشت و، هاتە دەرەوە، هەڵوەستەیەکی کرد، نەیزانی بۆ کوێ بڕوات، سەر بەکوێدا بکات، ناوی ئوتێلەکەی لەبیرکرد کە لێی دابەزیبوو، هەرچی کردو کۆشا بیر ڕابەری نەکرد.. نەیویست یارمەتیی بدات، تەنیا ڕێگەیەکی لەبەردەمدا مابووەوە، دەبوو سەر بەهەموو ئوتێلەکاندا بکات.
لەیەکەمین میوانخانە چووە ژوورەوە، ویستی ڕووەو ڕاڕەوەکە بڕوات بەڕێوەبەری ئوتێل لێی پرسی:
ـ بۆ کوێ دەڕۆیت؟

ـ بۆ لای (سالار)ی برادەرم.

ـ ئێمە کەسمان لانییە ناوی سالار بێت.

پەنجەی پەشیمانی گەست و هاتە دەرەوە، نەختێك ڕۆیشت..

میوانخانەیەکی دیکەی بینی، خۆی پێداکرد:

ـ کاکە گیان، ئەگەر بەئەرکی نازانن، (سالار) ناوێك لێرە دانەبەزیوە؟

ئەویش لیستەکەی هێنا، لەم سەرەوە تا ئەو سەر ناوەکانی یەك یەك تەماشا کرد، ناوی (سالار)ی تێدا نەبوو.

ناچار، پشتی لەدەرگەی ئوتێل کردو. ڕوو لەشەقام، دەیان ئوتێلی دیکە گەڕا.. پێیەکانی شل بوون، وەنەبوو بڕیار بدات لەناو باخچەیەکدا تا بەیانی بەسەر ببات.. بەڵام لەدوورەوە ئوتێلێکی دیکەی بەدی کرد...

لەدڵی خۆیدا گوتی:

با ئەم ئوتێلەیش تاقی بکەمەوە.. بەشکەم خوایە خۆی بێت..!

هێزی بەبەر خۆی هێناو، بەژوور کەوت، لەبەردەم مێزی بەرپرسی ئوتێلدا گیرسایەوە:

ـ زەحمەت نەبێت (سالار فەرهاد) لێرە دانەبەزیوە؟!

تەماشای لیستەکەی کردو گوتی:

ـ بەڵێ، لێرە دابەزیوە، بەڵام هێشتە نەهاتووەتەوە!

دیسان بەگومانەوە پرسیاری کردەوە:

ـ (سالار فەرهاد)ی خۆشنووس، کە خەڵکی شاری (سـ...)ە؟

ـ بەڵێ، بەڵێ، خۆیەتی! بەڵام هێشتە نەگەڕاوەتەوە!

ئەمیش بەشادی و شەرمەزارییەوە، گوتی:

ـ سا زەحمەت نەبێت... کلیلی ژوورەکەیم بدەیە.. من سالارم، ئەگەر بڕوایش ناکەیت ئەوە ناسنامە کەمە! من لەئێوارەوە بەدوای ئێرەدا دەگەڕێم!

بەرپرسەکەیش پێناسەکەی لێ وەرگرت و تەماشایەکی کرد، دیتی ڕاستە، سالار خۆیەتی.. ناسنامەکەی دایەوەو لەقاقای پێکەنینی دا، هەفتەیەك بیری دەکەوتەوەو هەر پێ دەکەنی و پێ دەکەنی!.

هەولێر 1990

بێچووە پشیلە

بێچووە پشیلەیەك هەبوو، لەناو باخچەکەی ماڵی (ئاکۆ)دا یاریی دەکردو لەژێر درەختەکاندا خۆی دەگەوزاندو لەسێبەری دارە زەردەلووەکەدا نیوەڕۆیان دەنوست. هەموو ڕۆژێکیش (ئاکۆ) ئاوی بۆ دەکردە نێو جامۆڵکەیەك، کە تینووی بووایە لێی دەخواردەوە، خواردن و گۆشتیشی بۆ ئامادە دەکردو دەیخستە نێو قاپێك و لەنزیك دارە زەردەلووەکەوە دایدەنا. بێچووی خرپنیش بەوپەڕی هێمنی و دڵنیاییەوە، برسیی بووایە، لێی نزیك دەبووەوە، لەسەرخۆ سکی برسیی تێردەکرد، ئەنجا بەناو گوڵ و دارەکانی باخچەکەدا دەستی بەیاری و ڕمبازێ دەکرد، بازی دەداو خۆی مات دەکرد، لەپڕ تێی دەتەقاندو لەقەد درەختێك دەگیرسایەوە، پاشان خۆی فڕێ دەدایە سەرهەرێزی باخچەکە.

(ئاکۆ) برا بچکۆڵەیەکی هەبوو، پشیلەی خۆش دەویست، دەهاتە نێو باخچەکەو خواردنی بۆ پشیلەکە دەهێناو یاریی لەگەڵ دەکرد.

ئەو ڕۆژە (ئاکۆ) لەخوێندنگە بوو، برا بچکۆڵەکەی بەنیازی یاریکردن هاتە نێو باخچەکەو بێچووە پشیلەکەی بینی لەژێر یەکێك لەدرەختەکاندا لێی پاڵ کەوتبوو، ئەمیش بەرەو لای دەچێت، لەترپەی پێی ئەمدا چاوە زەدەکانی دەکاتەوە، وەنەوز دەدات و هەڵ دەستێت و کلکە لەقێی بۆ دەکات. براکەی (ئاکۆ) تولێکی تەڕی بەدەستەوە دەبێت، بەمەبەستی پاکی خۆی توولێك بەپشیلەکەدا دەکێشێت، بێچووە پشیلەیش لەترسی گیانی خۆشەویستی خۆیدا، خۆی بەژووری ئەمبارەکەدا دەکات، بەسەر شت و مەکەکاندا خۆی دەگەیەنێتە پەنجەرە ئاسنینە کون کونەکە، دەیەوێت خۆی لێوە دەرباز بکات، کەچی سەری لەکونی پەنجەرەکە گیر دەکات، هەرچی دەمیاوێنێت و تەقەللا دەکات ناتوانێت سەری دەربهێنێت.

لەم کاتانەدا (ئاکۆ) لەفێرگە دەگەڕێتەوە، گوێی لێ دەبێت کە بێچووە پشیلەکە چیی بەسەر هاتووەو دەبینێت سەری ترنجاوەتە پەنجەرەی ئەمبارەکەو دەمیاوێنێت، زۆری پێ ناخۆش دەبێت، کوت و پڕ بیرێکی بەمێشکدا دێت، دەچێت هەڕەیەك دەهێنێت، پێپلکەیەکی دارین بەدیوارەکەدا هەڵدەواسێت، سەردەکەوێت و دەست بەبڕینەوەی شیشی ئاسنینی پەنجەرەکە دەکات، کە دەیبڕێتەوە کونەکە گوشاد دەبێت و

بێچووه پشیله‌كه سه‌ری ده‌رده‌هێنێت و ڕزگاری ده‌بێت. له‌خۆشیاندا كلكی بۆ ده‌له‌قێنێته‌وه‌و دێته خواره‌وه‌و له‌ناو هه‌رێزی باخچه‌كه‌دا ده‌ست به‌ڕمبازێ ده‌كاته‌وه‌و په‌یمان به‌خۆی ده‌دات جارێكی دی توخنی ئه‌و شوێنه تووشانه نه‌كه‌وێت.

(ئاكۆ)یش ده‌چێته لای برای بچكۆڵه‌كه‌ی و ئامۆژگاریی ده‌كات، له‌بێچووه پشیله خنجیلانه‌كه نه‌دات و یاریی له‌گه‌ڵ بكات و به‌زه‌یی به‌گیانله‌به‌ره بێ زمانه‌كاندا بێته‌وه‌و خۆشی بوێن، چونكه ئه‌وانیش مرۆڤ ئاسا مافی ئه‌وه‌یان هه‌یه بژین.

به‌غدا 11ـ7ـ1979

چیرۆکێکی فۆلکلۆری له (لاوس)ەوە:

(خام فا) و خاتوونی عاج

هەبوو نەبوو لاوێکی هەژار هەبوو، ناوی (خام فا) بوو، لەگەڵ داپیرەیدا لە خانۆچکەیەکی داڕووخاوی ئەوپەڕی گوندەوە دەژییان.
شەوو ڕۆژ بێ ماندوو بوون ئیشی دەکرد. لەگەڵ ئەوەیشدا نەیدەتوانی پاروویەك نان پەیدا بکات و داپیرەی پێ تێر بکات بۆیە زۆر جار دەستی لەخەڵکی پان دەکردەوە.
لەشوێنێکی نزیکی گوندەکەوە دارستانێکی چڕ هەبوو پێی مرۆڤی پێ نەکەوتبوو. چونکە وا بڵاوبووبووەوە کە ئەجندەی تێدایە.
بەڵام (خام فا) ویستی بچێتە ناو ئەو دارستانەوەو پارچەیە زەویی تێدا پاکژ بکاتەوەو بیکێڵێت. یەکەمین ڕۆژ بەوپەڕی تواناوە ئیشی کرد، درەختەکانی بڕییەوەو گیاو گۆڵەی لەڕووپێوێکی باشدا داپاچی، پاشان ئێوارە گەڕایەوە لای داپیرەی و سەرکەوتن و کاری ئەو ڕۆژەی بۆ باس کرد. هەردووکیان زۆر پێخۆشحاڵ بوون چونکە لەماوەی ساڵێکدا بڕێکی باشی برنج و گەنمە شامییان دەبێت. بەڵام کاتێك بەرەبەیانی

ڕۆژی دواتر چووه دارستانه‌كه تا له‌سه‌ر ئیشه‌كه به‌رده‌وام بێت، زۆر سه‌ری سوڕما: چونكه ئه‌و دره‌ختانه‌ی دوێنێ بڕیبوونیه‌وه سه‌ر له‌نوێ شین بووبوونه‌وه‌و گه‌ڵایان كردبوو وه‌ك بڵێیت هیچ شتێك ڕووی نه‌دابێت. به‌ڵام (خام فا) ته‌وشییه‌كه‌ی ده‌ست دایه‌و ده‌ستی به ئیش كرد تا شه‌و داهات.

كاتێك ڕۆژی دواتر گه‌ڕایه‌وه دارستانه‌كه، هه‌مان دیمه‌نی سه‌یری دیت. به‌ڵام نائومێدی داینه‌گرت.. بڕیاری دابوو ئه‌و ڕووپێوه‌ی دارستانه‌كه چاك بكات و بیكێڵێت، تا به‌روبوومێك پێشكه‌ش به داپیره‌ی بكات پێی بژیت.

به‌هۆی كار لێ كردنی و سووربوونی ئه‌و لاوه‌وه ئه‌جنده‌ی دارستانه‌كه بڕیاری دا خۆی له‌شێوه‌ی پیره‌مێردێكدا پیشان (خام فا) بدات و ته‌ڵه‌یه‌كی سیحری پێ به‌خشی و، پێی گوت ئه‌و ته‌ڵه‌یه له‌و شوێنه‌دا بنێته‌وه كه چاكی كردووه، پاشان بگه‌ڕێته‌وه ماڵ، لاوه‌كه، پیره‌مێرده‌كه چی پێ گوت، وای كرد.

ڕۆژی دواتر، كاتێك (خام فا) گه‌یشته دارستانه‌كه (فی نووی) دێوه بچكۆڵه‌كه‌ی بینی به‌ته‌ڵه‌كه‌وه بووه.

ویستی بیکوژێت و تۆڵەی لێ بکاتەوە چونکە ئەم (فی نووی)ە، دووجار ئەو کارەی لێ تێك دابوو کە چاکی کردبوو. بەڵام (فی نووی) لێی پاڕایەوە نەیکوژێت و بەڵێنی پێ دا لەهەڵێکدا چاکەی بداتەوە. (خام فا) بەزەیی پێدا هاتەوەو بەخشی.

ئیدی لەو ڕۆژەوە کار ئاسایی بەرەو پێشەوە چوو، بەهۆی کۆشش و ڕەنجی بەردەوامی (خام فا) و دان بەخۆدا گرتنیەوە توانیی پارچەیەکی بەرفرەوانی زەوی چاك بکات و، کیڵگەیەکی شینی جوانی مەرەزەو گەنمە شامی برازێنیێتەوە.

ڕۆژێکیان (خام فا) تۆڕەکەی خستە نێو کانیەکەوە تا هەندێك ماسی بۆ بگرێت. بەڵام کاتێك ڕۆژی دواتر گەڕایەوە دیتی تۆڕەکە هیچ ماسییەکی پێوە نەبووە. کاتێك گەڕایەوە ماڵەوە (فی نووی) دەرکەوت و پێی گوت:

ـ (خام فا) تۆڕەکەت بخەرە نێو کانییەکەوەو لەیادت نەچێت تەڵە سیحرییەکەش دابنێیتەوە. ئیدی سبەینێ بەیانی بەچاوی خۆت دەبینیت چی ڕووی داوە. ڕۆژی دواتر (خام فا) سەری لەکانییەکە دا شای ئەژدیهای دیت بەتەڵەکەوە بووە کاتێك ویستی لەتۆڵەی کارەکەیدا بیکوژێت، ئەژدیهاکە لێی پاڕایەوە کە بیبەخشێت دووپاتی کردەوە

لەدەرفەتێکدا چاکەی بداتەوە. بۆیە (خام فا) بەزەیی پێدا هاتەوەو بەخشی.

کاتێك مەرەزەو گەنمە شامییەکە خەریك بوون پێ دەگەیشتن برێك گیانلەبەری کێویلە هاتن و بەژێر پێیانەوە کرد، ئیدی (خام فا) نەیدەزانی چۆن کێڵگەکەی بپارێزێت، (فی نووی) بۆ دەرکەوت و پێی گوت:

ـ گەورەم (خام فا) تۆ لەبیرت چووەتەوە کە تەڵەیەکی سیحریت هەیە، ئەو تەڵەیە یارمەتیت دەدات و بەر لەگیانلەبەرە کێویلەکان دەگرێتەوە.

(خام فا) چوو تەڵەکەی لەکێڵگەکەدا دابنێتەوە. بەم شێوەیە توانی شای ڕێوییان و شای سەرگەڕان و شای پڵنگان و شای شێران یەك لەدوای یە بگرێت. هەمووشیان لێی پاڕانەوە بیانبەخشێت و بەڵێنیان پێ دا چاکەی بدەنەوە، ئەویش هەمووی بەخشین. ڕۆژێکیان شای فیلان هات و ویستی کێڵگەکە پێشێل بکات تەڵە سیحرییەکە گرتی و لەبەردەم (خام فا)دا کڕنووشی بردو لێی پاڕایەوە بیبەخشێت: (خام فا) بەزەیی پێدا هاتەوەو ئازادی کرد. بەر لەوەی شای فیلان بگەڕێتەوە دارستان یەکێك لەددانەکانی لێ کردەوەو دای بە (خام فا) و داوای لێ کرد لەشوێنێکی دوور دەستدا داینێت.

ڕۆژێكیان (خام فا) لەگەڵ نەنكیدا چوون كێڵگەكە بەسەر بكەنەوە، كاتێك گەڕانەوە ماڵ دیتیان پاكژ كراوەتەوەو خوانێكی تێرو تەسەلیان بۆ ئامادەكراوەو بۆیان دانراوەو چاوەڕێیان دەكات. وایان زانی (بودا) بۆی ناردوون و بەزەیی پێدا هاتوونەتەوەو، دانیشتنە سەر خوانەكە تا توانییان تێریان خوارد.

ڕۆژی دواتر هەمان شت دووبارە بووەوەو، ئەم دیاردەیە لەڕۆژانی دواتریشدا دووبارە بووەوە.

ڕۆژێكیان، (خام فا) لەگەڵ داپیرەیدا چوون سەر لەكێڵگەكە بدەن، لەنیوەی ڕێگە بەجێی هێشت و خێرا گەڕایەوە ماڵ و لەگۆشەیەكی تەریكدا خۆی شاردەوە.

لەكاتی نیوەڕۆدا كیژێكی جوانی بینی لەددانی فیلەكەوە هاتە دەرەوە، دەستی بە ئیش و كاری جاران كرد، ناوماڵی گسك داو ڕێكی خست و چووە مووبەقەوەو ژەمێك خواردنی بەتامی هێناو لەناوەڕاستی ژوورەكەدا داینا.

(خام فا) زۆری پێ خۆش بوو، هەلی قۆزتەوەو سوودی لەو ماوەیەیە وەرگرت كە كیژەكە دیارنەبوو، دزەی كردە ژوورەكەوەو ددانی فیلەكەی بردو شكاندی. كاتێك كیژەكە گوێی لەم تەقە تەقە بوو ڕای كردو

ویستی بچێته ناو ددانی فیلەکەوە، دیتی تێك شکێنراوە, ئەوکات ڕاستی بە (خام فا) گوت کە کیژی پاشای فیلانەو باوکی فەرمانی پێ کردووە بچێت خزمەتی (خام فا) بکات و خواردنی بۆ دروست بکات لەپاداشتی چاکەکەیدا. کاتێك (خام فا) بەنهێنییەکەی زانی داوای لەکیژەکە کرد لای بمێنێتەوەو ببێتە ژنی.

(خام فا)ی، بێ باوکی نەدارو، نەدارترین لاوی گوند، بوو بەخاوەن ژن، ژنێکی جوان و دەست ڕەنگین جوانترین و دەست ڕەنگترین ئافرەت لەهەموو ولاتاندا، ئیدی لەو ڕۆژەوە ئەو ژن و مێردە کامەرانە خۆشترین ڕۆژگاریان لەگەڵ نەنکەکەیاندا بەسەر برد.

بەڵام ئەوەندەی نەبرد، بەدبەختی خەریك بوو ڕووی تێ دەکردن، ئەوەبوو (شاو مۆنگ)ی فەرمانڕەوای ولات دڵی لەجوانیی ژنەکەی (خام فا) چوو، بڕیاری دا بۆ خۆی داگیری بکات. بەدوای (خام فا)یدا ناردو پێی گوت:

ـ سبەینێ کەڵەشێرەکەت دێنێت چونکە پێشبڕکێی کەڵەشێران ڕێك دەخەین. ئەگەر کەڵەشێرەکەی من دۆڕا جێی من دەگریتەوەو دەبیتە فەرمانڕەوای ولات، ئەگەر کەڵەشێرەکەی تۆ دۆڕا ئەوکات ژنەکەت دەبێتە ژنی من (خام فا) گەڕایەو ماڵەوەو خەم و پەژارەی بەسەردا

داباری، ڕووداوەکەی بۆ ژنەکەی گێڕایەوە. لەو دۆخەی خۆی نائومێد بوو کە لێ دەرچوونی نەبوو. (فی نووی) دەرکەوت و دەربارەی هۆی زیزی و پەژارەی پرسیاری لێ کرد، کاتێك زانی پێی گوت:

ـ گەورەم (خام فا) نیگەران مەبە، سبەینێ باشترین کەڵەشێری شەڕکردنت دەبێت و هەرتۆیش سەر دەکەوێت.

ـ هەقت نەبێت خۆم تەگبیرێکت بۆ دەکەم.

(فی نووی) گەڕایەوە دارستانەکەو، بانگی گەورەی (ڕێوییان)ی کرد کە پێشتر (خام فا) بەخشیبووی، داوای لێ کرد بچێت یارمەتیی بدات.

ڕۆژی دواتر (خام فا) گەیشتە ماڵی (شاو مۆنگ) و (ڕێوییەکی لەگەڵدا بوو خۆی کردبووە کەڵەشێر). کاتێك (شاو مۆنگ) دیتی کەڵەشێرەکەی (خام فا) بچووك و لاوازە گەشایەوەو هیچ گومانێکی لا نەما کە کەڵەشێرە گەورەو بەهێزەکەی دەباتەوە، کە هیچ نەدۆڕاوە، بەڵام بەر لەوەی یەکەمین گێم کۆتایی بێت ڕێوییەکە (کە خۆی کردبووە کەڵەشێر) ملی ڕکەبەرەکەی شکاندو دەست بەجێ مردار بووەوە.

(شاو مۆنگ) دۆڕاندی بەڵام خۆی بەدەستەوە نەدا. بیری لەهۆیەك کردەوە کارەکە بەسوودی خۆی بشکێتەوەو، بەبێ شەرمییەوە لەبەردەم

دەست و پێوەندەکانی و لەبەردەم ئامادەبووواندا ڕایگەیاند کە کەڵەشێرەکە مرداربووەتەوە بەڵام نەدۆڕاوە.

بۆیە بە (خام فا)ی ڕاگەیاند کە سبەینێ خۆی بۆ شەڕەگا ئامادە بکات، کە چارەنووسی سەرکەوتوو و دۆڕاو دیاری دەکات.

سەرچاوە:

گۆڤاری (لوتس)ی ژمارە (60)ی

پاییزی ساڵی 1986 لاپەڕە (66ـ68)

نووسەر لەچەند دێڕێکدا

*ساڵی 1951 لەناوچەی (خانەقین) لەدایك بووە.

*ساڵی 1974 بەشی کوردی لەکۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا تەواو کردووەو بەکەلۆریۆسی لەزمان و ئەدەبی کوردیدا وەرگرتووە.

*لەساڵی (1970)ەوە دەستی بەنووسین کردووەو لەزۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکاندا بەرهەمی هەمەجۆری بڵاوکردووەتەوە.

*جگە لەنووسین بەرهەمی وەرگێڕراویشی لەعەرەبی بۆ کوردی و لەکوردی بۆ عەرەبی و لەفارسی بۆ کوردی هەیە.

*ئەم بەرهەمانەی بڵاوکردووەتەوە:

1ـ شەپۆلی ئاواز ـ 1978، شیعر.

2ـ ژیلەمۆی راز ـ 1980، شیعر.

3ـ بەردەباز ـ 1986، شیعر.

4ـ خۆر کۆچ ناکات ـ 1988، شیعر.

5ـ رێس ـ 1997، شیعر.

www.kurdistannet.org
بةكاتي ناوةندي ئةوروثا 22:54 16-2-2005

*چەند بەرهەمێكی دیكەی هەیە ، چاوەڕوانی چاپ دەكەن

ناوەرۆك

بابەت

ڕاوەپۆڕ
تەوس
مایكرۆفۆن
بۆن
ئەمپراتۆر
بەڕێوەبەر
نووسەر
مەرگەمووش
نان و دەستڕێژ
كورسی

ددان پێدانان

ئاپوورەو لافاو

مانگی دەستکرد

کەروێشك

سالاری خۆشنووس

نامۆی نامۆستان

بێچووە پشیلە

(خام فا) و خاتوونی عاج

* ژمارەی سپاردنی بەکتێبخانەی نیشتمانی هەرێم ژمارەی (**38**)ی
ساڵی **2000**ی دراوەتێ.

Margamoosh

ShortStories

By

Mukarram Rashid Talabany

Hawler